# سەرۆک بارزانی بۆ ترەمپ: خوێنی کورد زۆر لە چەک و پارە، بەهادارترە


## پێشمەرگە ئەفسانەی داعشی تێکشکاند و کورد بەشێکی کاریگەر بوون لە هاوپەیمانیی دژی تیرۆر


تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5846) پێنج شەممە 10ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار


**سەرۆک بارزانی دوێنێ چوارشەممە 9ی10ی2019 لەڕێگەی تویتێکەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر، نامەیەکی کراوەی ئاراستەی بەڕێز دۆنالد ترەمپ، کرد و تیایدا نووسیویەتی "خوێنی کورد زۆر لە چەک و پارە، بەهادارترە". ئەمەش دەقی تویتەکەیە:**

**بەڕێز سەرۆک دۆنالد ترەمپ**

**بۆ ئاگاداریی جەنابت:**

گەلی کوردستان هەمیشە داوای مافە ڕەواکانی خۆی کردووە و بەرگریی لە خۆی کردووە. پێشمەرگە ئەفسانەی داعشی تێکشکاند و کورد بەشێکی کاریگەر بوون لە هاوپەیمانیی دژی تیرۆر.

خوێنی کورد زۆر لە چەک و پارە، بەهادارترە.

لەگەڵ ڕێزماندا



سەرۆک بارزانی پێشوازیی لە کونسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر کرد

## دژی ئەوەین بەرپرسیارێتیی گەندەڵییەکانی ڕابردوو بخرێتە ئەستۆی حکوومەتی ئێستا

## نێچیرڤان بارزانی و فوئاد مەعسووم، دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

## بە چاودێریی ڕێزدار (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، زانکۆی سەلاحەدین 38ەمین خولی دەرچوونی سازدەکات

2



## تورکیا دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند

**کۆنگرێسمانێکی ئەمەریکی:**

## دەبێت تورکیا باجی ئەو هێرشەی بداتەوە

2

ئەنجوومەنی وەزیران دۆخی عێراق و سووریا تاوتوێ دەکات

## ئەنجوومەنی وەزیران پشتگیریی بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەربڕی

3



6

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان:

## پرۆسەی ماڕەبڕینی هاوژینان ڕێکدەخرێتەوە

## میگان مەکین: کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا شەرمەزاریی و شووڕەیی بۆ ئەوانەشی کە پشتگیریی لێدەکەن

5



5

## "گاردیان"ی بەریتانی: خیانەتی ترەمپ کوردی تووڕە کردووەو مایەی هەڕەشەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خودی ئەمەریکا

ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ڕێز لە شەترەنجزانانی یانەی خانزاد دەگرێت



15

## سەرۆک بارزانی پێشوازیی لە کونسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر کرد

# دژی ئەوەین بەرپرسیارێتیی گەندەڵییەکانی ڕابردوو بخرێتە ئەستۆی حکوومەتی ئێستا



دوێنێ چوارشەمە 9ی10ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئۆلیڤیێ دیکۆتینی کۆنسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر کرد.

لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسیی و دوا پێشهاتەکان لەسەر ئاستی ناوچەکە، بەتایبەت ئەگەری شەڕ و ئالۆزیی زیاتر لە باکووری سووریا، تاوتوێ کرا و هەروەها بیروڕایش لەبارەی پرۆسەی سیاسیی عێراق ئالۆگۆڕ کرا.

لە کۆبوونەوەکەدا بە وردی باسی ئەو مەترسییانە کرا کە لەئەگەری ڕوودانی شەڕ لە باکووری سووریا دێنە ئاراوە و لەم بارەیەوە سەرۆک بارزانی داوای کرد فەرەنسا وەک بەشێکی گرینگ لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر، بۆ ڕێگرتن لە رووداتی کارەسات، هەمانکاتدا دژی ئەوەین بەرپرسیارێتیی گەندەڵییەکانی لەو بارەیەوە بەرپرسیارێتی گەورە دەکەوێتە سەرشانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان.

هەر لە دیدارەکەدا باسی گرژی و ئالۆزییەکانی ئەم دواییەی پارێزگاکانی عێراق و سەرۆک بارزانی ڕوونی کردەوە کە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین داواکارییە شەرعییەکانی خەڵک جێبەجێ بکرێن، لە ڕاگەیاندووە: یەکێک لە بڕگەکانی کارنامەی دانیشتنی ڕۆژی سێشەمەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بڕیتی بوو لە هەڵپەساردنی کارەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، بەڵام بە هەوڵی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەو بڕگەیە دەنگی لەسەر نەدرا و لابرا، لەبەر ئەوەی نادەستووری بوو، هەروەها سەرۆکی پەرلەمانیش گوتی کە دەبێت بدرێت بە لیژنەی یاسایی و ڕای خۆیان بدەن، چونکە دەستەواژەی هەڵپەساردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، نادەستوورییە.

سەبری ڕوونیشی کردۆتەوە: ئەنجوومەنی پارێزگاکان، بەپێی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ساڵی 2008 تەنها بە دوو ڕێگا دێتە هەڵوەشاندنەوە، یەکەم، لە ڕێگای پارێزگارەوە داوا دەکات کە پارێزگاکانیش بە جیا دەبن نەک هەموویان بەیەکەوە، ئەویش هۆکاری خۆی هەبێت، دووەمیان، بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەن خۆیان دەتوانن ئەو کارە بکەن.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی گوتیشی: هەبوونی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەستوورییە و لایەنی چاودێرین بەسەر پارێزگاوە، لە هەر پارێزگایەکیش کێشەیەک لەسەر ئەنجوومەن هەبێت، دەبێت خۆیان داوای هەڵوەشاندنەوەی بکەن، نەک هەڵپەساردنی کارەکانی ئەنجوومەن کە لە دەستووردا نەهاتووە.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای دەکات، لە دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لەبەر نادەستووریبوون ڕێگایان بە پەسەندکردنی هەڵپەساردنی کاری ئەنجوومەنی پارێزگاکان نەدا و ڕەتیشی دەکاتەوە، کە وەکو فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەنگیان پێ دابێت .د. ڤیان سەبری، بە مانۆپەڕی فەرمیی پارتیی ئەگەری ڕوودانی کارەسات بۆ کوردی سووریا دەربڕی و داوای لە بەرچاوی ئەوانەوە گەلی کورد توشی کارەساتی تر نەبێت و کورد ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر، بۆ پاراستنی گەلی کورد ڕۆڵی خۆیان ببینن.

سەرۆک بارزانی لەو دیدارەدا ڕوونی کردەوە کە گەلی کورد لە چوارچێوەی شەڕی دژی تیرۆردا قوربانیی زۆری داوە و ئێستا چاوەڕوانیمان لە ئەمەریکا و هاوپەیمانان و کۆمەڵی نێودەوڵەتی هەیە ڕێگە نەدەن هەمانکاتدا دژی ئەوەین بەرپرسیارێتیی گەندەڵییەکانی ڕابردوو بخرێتە ئەستۆی حکوومەتی ئێستا و کەسانێکی هەڵپەرست کە خۆیان بەرپرسی دۆخەکەن، ئێستا بۆ دژایەتیی سەرۆکوەزیران بیانەوێ سواری شەپۆلی ناڕەزایەتیی خەڵک بن و لەوبارەیەوە پشتیوانیی خۆی بۆ حکوومەتی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی دووپات کردەوە.

## سەرۆک بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر دەکات



دوێنێ چوارشەمە 9/10/2019مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە د.فوئاد مەعسوم سەرۆکی کۆماری پێشووی عێراق کرد. لە دیدارێکدا د.فوئاد مەعسوم وێڕای هیوای سەرکەوتن بۆ کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پشتگیریی خۆشی بۆ دانوستانی نێوان هەولێر و بەغدا و گەیشتن بە چارەسەرێکی گشتگیر لە چوارچێوەی دەستور دەربڕی. سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق جەختیشی لەوە کردەوە کە پێویستە هەرێمی کوردستان ڕۆڵی گرنگی خۆی لە هێورکردنەوەی دۆخی عێراق و ناوچەکە بگێڕێت.



## سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە د.فوئاد مەعسوم دەکات

دوێنێ چوارشەمە 9/10/2019مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە د.فوئاد مەعسوم سەرۆکی کۆماری پێشووی عێراق کرد. لە دیدارێکدا د.فوئاد مەعسوم وێڕای هیوای سەرکەوتن بۆ کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پشتگیریی خۆشی بۆ دانوستانی نێوان هەولێر و بەغدا و گەیشتن بە چارەسەرێکی گشتگیر لە چوارچێوەی دەستور دەربڕی. سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق جەختیشی لەوە کردەوە کە پێویستە هەرێمی کوردستان ڕۆڵی گرنگی خۆی لە هێورکردنەوەی دۆخی عێراق و ناوچەکە بگێڕێت.

# تورکیا دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند

## کۆنگرێسمانێکی ئەمەریکی: دەبێت تورکیا باجی ئەو هێرشەی بداتەوە

**K24**/دوای ئەوەی ئەردوغانی سەرکۆماری تورکیا دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ولاتەکەی لە دژی هێزەکانی سووریای دیموکرات و هێزە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند، لە یەکەم کاردانەوەدا بەرامبەر ئەو هێرشەی تورکیا، کۆنگرێسمانێکی ئەمەریکی هاتە دەنگ. لەمبارەیەوە کرێس قان هۆلین، کۆنگرێسمانی ئەمەریکی دەمی هەڕەشەی لە ئەنقەرە کرد و گوتی: دەبێت تورکیا باجی ئەو هێرشەی بداتەوە، کە بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەستیپێکردووە. ئێوارەی دوێنێ چوارشەمە ڕەجەب تەیب ئەردوغان دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی تورکیای لە دژی هێزە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان بە بەشداری گروپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریای ڕاگەیاند، لە یەکەم هەنگاوی ئۆپەراسیۆنەکەشدا، بە فڕۆکەی ئێف- 16و تۆپخانەکان چەند پێگەیەکی شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە سەرێ کانیێ و گرێ سپی بۆردومانکرد.

# فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەنگیان بۆ هەڵپەساردنی کارەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نەداوە



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای دەکات، لە دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لەبەر نادەستووریبوون ڕێگایان بە پەسەندکردنی هەڵپەساردنی کاری ئەنجوومەنی پارێزگاکان نەدا و ڕەتیشی دەکاتەوە، کە وەکو فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەنگیان پێ دابێت .د. ڤیان سەبری، بە مانۆپەڕی فەرمیی پارتیی ئەگەری ڕوودانی کارەسات بۆ کوردی سووریا دەربڕی و داوای لە بەرچاوی ئەوانەوە گەلی کورد توشی کارەساتی تر نەبێت و کورد ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر، بۆ پاراستنی گەلی کورد ڕۆڵی خۆیان ببینن.

سەرۆک بارزانی لەو دیدارەدا ڕوونی کردەوە کە گەلی کورد لە چوارچێوەی شەڕی دژی تیرۆردا قوربانیی زۆری داوە و ئێستا چاوەڕوانیمان لە ئەمەریکا و هاوپەیمانان و کۆمەڵی نێودەوڵەتی هەیە ڕێگە نەدەن هەمانکاتدا دژی ئەوەین بەرپرسیارێتیی گەندەڵییەکانی ڕابردوو بخرێتە ئەستۆی حکوومەتی ئێستا و کەسانێکی هەڵپەرست کە خۆیان بەرپرسی دۆخەکەن، ئێستا بۆ دژایەتیی سەرۆکوەزیران بیانەوێ سواری شەپۆلی ناڕەزایەتیی خەڵک بن و لەوبارەیەوە پشتیوانیی خۆی بۆ حکوومەتی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی دووپات کردەوە.



## بە چاودێریی ڕێزدار (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، زانکۆی سەلاحەدین 38ەمین خولی دەرچوونی سازدەکات

ئەمڕۆ پێنجشەممە، لە یاریگای نێودەوڵەتی فەرەنسۆ هەریری، بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکوومەت و ژمارەیەک وەزیر و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و کونسوڵ و نوێنەری وڵاتان و سەرۆک زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر، ئاهەنگی دەرچوونی خولی (38) سازدەکات.

زانکۆی سەلاحەدین دێرینترین زانکۆی کوردستانە و هەوێنی دروستبوونی زانکۆکانی کوردستانە، خاوەنی 15 کۆلێژە، ژمارەی قوتابیان لەم زانکۆیە 24160 قوتابییە، هەروەها خاوەنی 2148 مامۆستایە. ئەمساڵ لە خولی سی و هەشتەمی دەرچووواندا 5240 قوتابی دەرچوونە و لە بۆنەیەکی شایستەدا بڕوانامەکانیان پێدەبەخشرێت.



# نێچیرڤان بارزانی و شێخ جەمال ئەلزاری کۆبوونەوە

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بەڕێز شێخ جەمال ئەلزاری، ئەمیندارى گشتیى پرۆژەى نیشتمانیى عێراقى، دواینِ پێشهاتەکانى دۆخى عێراق و خۆپشاندانەکانى بەغدا و پارێزگاکانى دیکەى عێراقیان خستە بەر باس و جەختیان لە هەستیارییِ دۆخەکە و پێویستیى سەقامگیرى و پاراستنى ئارامى و ژیان و سەر و مالّى هاوولاتیان و دامەزراوەکانیان کردەوە.

لە دیدارێکدا دوێنێ چوارشەمە 2019/10/9 لە هەولێر، هەردوولا هەنگاوەکانى حکوومەتى عێراقیان بۆ بەدەنگەوەچوونى داوا رەواکانى خۆپیشاندەران بە ئەرێنى نرخاند، هەروەها دواینِ ڕووداو و پێشهاتەکانى ناوچەکەیان بەگشتى تاوتوێ کرد.



# نێچیرڤان بارزانی و فوئاد مەعسوم، دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی لە پێویستیى عێراق بە سەقامگیریى سیاسى و ئەمنى و بەرەوپێشبردنى پرۆسەى سیاسى کردەوە و بڕیارەکانى حکوومەتى فیدرالّى عێراقى بۆ جێبەجێکردنى داوا ڕەواکانى خۆپیشاندەران، بە هەنگاوێکى دروست و ئەرێنى لەپێناو ئارامکردنەوەى دۆخى ولاّت و پاراستنى سەقامگیرى، لە قەلەم دا.

لە دیدارێکدا پاشنیوەڕۆژى دوێنێ چوارشەمە 2019/10/9 بەڕێزان نێچیرڤان بارزانى سەرۆکى هەرێمى کوردستان و د. فوئاد مەعسوم سەرکۆمارى پێشووى عێراق، دواینِ پێشهاتە ئەمنى و سیاسییەکانى عێراق و ناوچەکە، بەتایبەتى دۆخى کورد لە سووریا و چەند بابەتێکى دیکەیان تاوتوێ کرد.

## ئەنجوومەنى وەزیران دۆخى عێراق و سووریا تاوتوێ دەکات

# ئەنجوومەنى وەزیران پشتگیریى بۆ سەرۆک وەزیرانى عێراق بۆ چارەسەرکردنى کێشەکان دەربڕى

## ئاڵۆزتربوونى دۆخى باکوورى ڕۆژهەڵاتى سووریا دەرئەنجامە نەرێنییەکانى تەنیا لە چوارچێوەى سنوورى سووریادا نامێنێتەوە



دوێنێ چوارشەمە 2019/10/9 ئەنجوومەنى وەزیرانى هەرێمى کوردستان بە سەرپەرشتى مەسرور بارزانى سەرۆکى ئەنجوومەنى وەزیران و ئامادەبوونى قوباد تاڵەبانى جێگرى سەرۆک وەزیران کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا، سەرۆکى ئەنجوومەنى وەزیران تیشکى خستە سەر گۆڕانکارى و پەرەسەندنەکانى ئەم دواییەى عێراق و سووریا. دەربارەى خۆپێشاندانەکانى عێراق، سەرۆکى ئەنجوومەنى وەزیران جەختى لەوە کردەوە کە لە کاتێکدا پشتگیریى لە داوا ڕەوا و یاساییەکانى خۆپێشاندەران دەکەین کە بە شێوازێکى ئاشتیانە و مەدەنیانە پێشکەشى بکەن. لە هەمانکاتدا ئەنجوومەنى وەزیران پشتگیریى بۆ سەرۆک وەزیرانى عێراق عادل عەبدولمەهدى دەربڕى بۆ چارەسەرکردنى کێشەکان.

سەرۆک وەزیران هەروەها تیشکى خستە سەر سەردانى گرنگى سێرجى لاڤڕۆڤ وەزیرى دەرەوەى ڕووسیا بۆ هەرێمى کوردستان کە لەگەڵ شاندێکى باڵاى دیپلۆماتکار و خاوەنکارانى ڕووسى هاتبوو.

دەربارەى پەرەسەندنەکانى دۆخى سووریاش، سەرۆکى ئەنجوومەنى وەزیران ئاماژەى بەوەدا کە ئاڵۆزتربوونى دۆخى باکوورى ڕۆژهەڵاتى سووریا کاریگەرى و دەرئەنجامە نەرێنییەکانى تەنیا لە چوارچێوەى سنوورى سووریادا نامێنێتەوە و دەبێتە هۆى ئاوارەبوونى بە هەزاران خەڵک و بەشێکى زۆریشیان پەنا بۆ هەرێمى کوردستان دەهێنن. بۆیە پێویستە کێشەکان بە ڕێگەى گفتوگۆ و ئاشتیانە چارەسەر بکرێن و بڕیارى تاکلایەنەى سەربازى لە بەرژەوەندى هاوولاتیانى ناوچەکەدا نییە.

ڕێبەر ئەحمەد وەزیرى ناوخۆى هەرێمى کوردستان ڕاپۆرتێکى وردى دەربارەى ئاماژەکارى وپێداویستییەکانى ئەگەرى هاتنى شەپۆلى پەنابەران لە سووریاوە بۆ هەرێمى کوردستان خستەڕوو. داواش لە کۆمەڵگەى نێودەوڵەتى و نەتەوە یەکگرتووەکانیش کرا کە بەرپرسیارێتى خۆیان لە ئەستۆ بگرن لە هاوکاریکردنى هەرێمى کوردستان بۆ میواندارێکردنى شەپۆلى نوێى پەنابەرانى سووریا.

هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا، کۆیستان محەمەد وەزیرى کار وکاروبارى کۆمەڵایەتى ڕاپۆرتێکى دەربارەى پێشنیازەکانى وەزارەتیان بۆ پشتیوانى سندوقى خانەنشینى و دەستەبەرى کۆمەڵایەتى خستەڕوو.

ئەنجوومەنى وەزیران وەزیرە پەیوەندیدارەکانى ڕاسپارد بۆ دانانى میکانیزمى پێویست بۆ زامنکردنى دەستەبەرى کرێکاران و پێدانى پارەى بەشداربییەکانى کرێکاران بە گوێرەى یاساى خانەنشین و دەستەبەرکردنى کۆمەڵایەتى بۆ کرێکاران. ئەمەش بەشێکە لە کارنامەى کابینەى نۆیەمى حکوومەتى هەرێمى کوردستان بە ئاراستەى هاندانى هاوولاتیانى هەرێمى کوردستان بۆ کارکردن لە کەرتى تایبەت لە ڕێگەى پاراستنى ماف و شایستەکانیان.

# هێمن هەورامى: دڵمان لەگەڵ ڕۆژئاواى کوردستانەو هێرش و پەلامار بۆ سەر کورد ڕەتدەکەینەوە



جێگرى سەرۆکى پەرلەمانى کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە ئەوان دڵ و دەروونیان لەگەڵ ڕۆژئاواى کوردستانە و پێیان وایە هێرش بۆ سەر ئەو پارچەیەى کوردستان، ڕێگرى لە مافى هاوولاتى و ئازادییە مەدەنییەکانى کورد دەکات لە سووریادا. دوێنێ چوارشەمە لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکان هێمن هەورامى، جێگرى سەرۆکى پەرلەمانى کوردستان گوتى: لە خولى پێنجەمى پەرلەماندا هەموو بەیەکەوە هاوکارین بۆ بەرزکردنەوەى ناونابانگى پەرلەمانى کوردستان کە سیاسەتى هەموو فراکسیۆن و سەرۆکایەتییە. وەک تیم بەشدارى دەکەین و ناوبانگى هەرێم بەرز دەکەینەوە، سەرەڕاى بوودجە و چاودێرى. کە دیبلۆماسییەتى پەرلەمانییە، هەروەها لەڕێگەى پەیوەندییەکانەوە کولتوورى پێکەوەژیان بە گەلان بناسێنین.

لەبارەى هێرشى تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاواى کوردستانەوە جێگرى سەرۆکى پەرلەمانى کوردستان گوتى: دڵ و دەروونمان لەگەڵ ڕۆژئاواى کوردستانە و پەیامى ئێمە ئەوەیە کە ئاشتیخوازین و بەداخەوە ئێستا مەترسیى هێرش لەسەر ڕۆژئاوایە و بەهۆى کشانەوەى هێزەکانى ئەمەریکا گەلى کوردستان دەبێتەوە قوربانى و خوازیارین نەبینە قوربانى و پێمان وایە شەڕ و کوشتار کێشەکان چارەسەر ناکات و شەڕ لە هەر لایەنێکەوە بێت، دەبێ ئاشتى سەقامگیر بێت و داواى هەماهەنگى و هاودەنگیى هەموو لایەنەکانى کوردستان و تەواوى هێزە سیاسییەکانى کوردستان دەکەین، جا لە هەر ئایدیا و بۆچوونێکەوە بێت. گوتیشى: ئێمە پشتیوانى پڕۆسەى ئاشتى دەکەین و بانگەشەى بۆ دەکەین ئێمە لە ئاشتیدا دەتوانین گەشە بکەین.

لەبارەى هەڵوێستى پەرلەمان هێمن هەورامى گوتى: بەگشتى هەڵوێستمان ئێمە لەگەڵ دۆزى ڕەواى گەلەکەمانین لە هەر پارچەیەک بێت، کاتێک لێژنەى پەرلەمانى کوردستان ڕەوانەى کۆبانێ کرا و لەوێ پێشمەرگەش بەیەکەوە شەڕى تیرۆرستان کرد، ئەمە خۆى پەیامە، ئێمە نیگەرانییەکى قوواڵمان هەیە کە کشانەوەى هێزەکانى ئەمەریکایە، ئەوەش ڕێگرى لە مافى هاوڵاتیبوون و دەستوورى خۆیانە، دەبێ کورد بەشدارى دەستوورى داڕشتنەوەى سووریا بێت، هێرش و پەلامار ڕەت دەکەینەوە و هەموو سەرۆکایەتیى هەرێم و پەرلەمان و کۆمارى عێراق خەریکین هەماهەنگى بکەین بۆ ئەوەى قسەى لەسەر بکەین.

# د. کارزان عومەر: ڕووسیا بەنیازە پەیوەندییەکانى لەگەڵ هەرێمى کوردستان بەهێز بکات

مۆسکۆ ڕۆڵێکى کاریگەرى هەیە و لە هەوڵدایە پەیوەندییەکانى فراوانتر بکات

د. کارزان عومەر مامۆستاى زانکۆى سلێمانى و شارەزاى کاروبارى ڕووسیا دەڵێ: ڕووسیا هەوڵدەدات پەیوەندییە سیاسى و ئابوورییەکانى لەگەڵ هەرێمى کوردستان بپارێزێت و بەهێزى بکات.

ئەو مامۆستایەى زانکۆى سلێمانى و شارەزا لە کاروبارى ڕووسیا لەبارەى سەردانەکەى سێرگیى لاڤڕۆڤ بۆ هەرێمى کوردستان بە لێدوانێکدا بە باسنیوزى ڕاگەیاندووە: سەردانى سێرگیى لاڤڕۆڤ وەزیرى دەرەوەى ڕووسیا بۆ هەولێرى پایتەختى هەرێمى کوردستان، دوو ئامانجى هەیە لە گەشتەکەى بۆ عێراق ئەوەى کە پەیوەندیى بە بەغداوە هەبێت، پرسى ولاّتى ئێرانە ئایا ململانێکانى نێوان ئەمەریکا و ئێران بەکوێ دەگەن یان عێراق چ ڕۆڵێک لە گرژى و ئاڵۆزییەکانى ئێران و ئەمەریکا دەبینێت، ئەوەشى کە پەیوەندیى بە هەرێمى کوردستانەوە هەبێت، زیاتر ئامانجەکە خۆى لە پرسى ئابووریدا دەبینێتەوە، چونکە ئێستا دوو کۆمپانیاى گەورەى ڕووسیا لە هەرێمى کوردستان وەبەرهێنان لە کەرتى نەوتدا دەکەن. د. کارزان عومەر، مامۆستاى زانکۆ گوتیشى: ڕووسیا یەکێکە لەو ولاّتانەى لە ئەمڕۆدا ڕۆڵێکى کاریگەرى هەیە و بە پلان و ستراتیژییەوە ئەو کارانە دەکات، بێگومان ئەوە ڕەنگدانەوەى ستراتیژییەت و پلانى خۆیەتى و ئێستا ڕووسیا هەوڵى ئەوە دەدات پەیوەندییەکانى خۆى فراوان بکات و پەلبهاوێتە ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست و ئێستا شتێکى ئاشکرایە کە فاکتەرى ڕووسیا لە سووریا کاریگەرە و ڕۆڵى یەکلاکەرەوە دەبینێت.

ئاماژەى بەوەش داوە: ڕووسیا هەوڵەکانى خۆى چڕ دەکاتەوە بۆ ئەوەى پەیوەندییە سیاسى و ئابوورییەکانى لەگەڵ هەرێمى کوردستان بە گرنگى و بە باشى و بەهێزى بهێڵێتەوە، هەروەها ولاّتێکى زلهێزى وەکوو ڕووسیا دەتوانێت خۆى بکات بە پارێزەرى هەرێمى کوردستان، بۆیە ئەگەر ئێمە ولاّتانێکى زلهێزى وەکوو ڕووسیا و ئەمەریکا ، یان یەکێتیى ئەورووپا بکەینە هاوپەیمان، بێگومان ڕۆڵى گرنگیان دەبێت لە پاراستنى کیانى هەرێمى کوردستاندا.

د. کارزان عومەر باسى لەوەشکردووە: لەکاتى ڕیفراندۆمى سەربەخۆیى هەرێمى کوردستاندا، ڕووسیا پشتگیریى لە ڕیفراندۆمى کوردستان کردووە، تەنانەت قلادیمیر پۆتین سەرۆکى ڕووسیا پشتگیریى لە کورد کردووە بۆ ئەوەى کیانێکى سەربەخۆى هەبێت، چونکە ڕووسیا و هەرێمى کوردستان پەیوەندییەکى مێژوویان هەیە و ئێستا ڕووسیا هەوڵى ئەوە دەدات پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانى لەگەڵ هەرێمى کوردستان بپارێزێت.

وتارو رایۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
پێنج شەممە 2019/10/10 ژمارە (5846)
www.xebat.net
خەبات

مەجید نیزامەدین گلی

## ئەو رۆژەی هەموو ئەمەریکا لەسەر کورد هاتە دەنگ

ئێستا کاژێر 2:30 خولەکی بەیانی رۆژی سێشەممەیە بەکاتی نیویۆرک کە ئەم بابەتە دەنووسم. لە دوێنێ شەوەوە من نەخەوتووم و ئاگاداری زۆربەی کاردانەوەکانم لە ئەمەریکا. دوێنێ شەو لە پرا کۆشکی سپی لە بەیاننامەیەک بڕیاری پشتگیری پلانی ناوچەی "ئارامی" بڵاوکردەوە. بۆ بەیانییەکەی دۆنالد ترەمپ تووشی گەردەلوولێکی ڕەخنە و فشار هاتەوە. لە نەیارانییەوە بۆ نزیکترین هاوپەیمانەکانی لە کۆنگرێس، میدیا و کەسایەتییە دیارەکانی ئەمەریکا.

"نابێت خیانەت لە کورد بکەین" بووەتە دروشمی نەک تەنها سیاسییەکانی واشنتن لە هەردوو پارتی کۆماری و دیموکرات، بەڵکو کەسایەتییە بەنێوبانگەکانی ئەمەریکا لە میدیا و هۆڵیوود و تەنانەت بەرنامە کۆمیدییەکانیش.

"شێر" کە هونەرمەندێکی بەناوبانگی ئەمەریکایە پێش چەند کاژێرێک لە تویتێکدا ترەمپی بە "گەندەڵ" ناوبرد. "ترەمپ دەزانێت کە تورکیا کۆمەڵکوژی لە دژی کورد ئەنجام دەدات. ترەمپ هەر دەیەوێت هاوپەیمانە کوردەکانمان بداتە دەستی ئەردۆغان" ئەو هونەرمەندە کە بە دەگمەن باسی سیاسەت دەکات تویتی کرد.

ستیڤن کۆلبێر کە بەرنامە کۆمیدییەکەی شەوانە زۆرترین بینەری هەیە لە ئەمەریکا، سوزان رایس-ی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشووی ئەمەریکای بانگهێشتکردبوو و پێکەوە وەسفی کوردیان دەکرد و ڕەخنەیان دەگرت لە بڕیارەکەی ترەمپ.

ئەمشەو لە پڕبینەرترین کەناڵە تەلەڤزیۆنەکانی ئەمەریکا کورد بابەتی سەرەکییان بوو. نەک تەنها سی ئێن ئێن و ئەو کەناڵانەی کە دەنگی ئۆپۆزیسیۆنن لە دژی ترەمپ، بەڵکو کەناڵی فۆکس نیوزیش ڕەخنەگربوو لە بڕیارەکەی ترەمپ. فۆکس نیوز پڕبینەرترین کەناڵی هەواڵی ئەمەریکایە و گەورەترین دەنگی پشتگیری دۆناڵد ترەمپە. ئەو فۆکس نیوزەی کە زۆربەی بێژەر و ڕۆژنامەنووسەکانی بە ئاشکرا پشتگیری لە هەموو بڕیارەکانی ترەمپ دەکەن، ئەمڕۆ ڕەخنەگربوون لە بڕیارەکەی ترەمپ. ئەو ئەمەریکایەی کە بەڕەی پشتگیر و ڕەخنەگری ترەمپ لەسەر هەموو بابەتێک ناکۆکن، لەسەر کورد یەک دەنگ بوون.

ئەوەی لەماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا ڕووەدات لە ئەمەریکا وەرچەرخانێکی مێژوویی بۆ دۆزی کورد. جاران تەنها دیپلۆماتکار و چەند سیاسییەکی واشنتن دەیانزانی کورد کێیە، بەڵام ئێستا نەک هەر ڕای گشتی ئەمەریکی کورد دەناسێت بەڵکو لە ڕیزی ئیسرائیل کورد بە "باشترین هاوپەیمانی ئەمەریکا" ناو دەبڕێت.

من لێرە گەشبینیتان پێ نافرۆشم. ترەمپ بڕیاری خۆی داوە و تورکیا موکرِ دیارە لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکەی. بەڵام ویستم ئەم وێنەیەتان بۆ بگوازمەوە. ئەم شەپۆلی پشتگیریە بۆ کوردە نەک تەنها لایەنێک. کەس لێرە نازانێت یەپەگە، یەکێتی، پارتی و ئەنەکەسە... هێند چییە. زۆربەیان نازانن کانتۆن لە کوێ دەستپێدەکات و هەرێمی کوردستان لە کوێیە. ڕای گشتی و سیاسییەکانی ئەمەریکا و سەرکردە و خەڵکی وڵاتانی دیکەی جیهان بە هەموومان دەڵێن "کورد". هەواڵەکانی زۆربەی ڕۆژنامە و دەزگا میدیاییەکانی ئەمەریکا دەڵێن "تورکیا هێرش دەکاتە سەر کورد".

بێگومان هێرشی تورکیا و دروستبوونی کارەساتێکی مرۆیی لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەگەرێکی زۆری هەیە کە کێشەی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان دروستبکات. بەڵام ئەم بابەتەم دەربارەی هەڕەشەکان نییە، بەڵکو دەربارەی ئەم دەرفەتە گەورەیەیە کە ئێستا بۆ کورد دروستبووە. بۆ یەکەمینجار لە مێژووی مۆدێرندا، ئەم نەتەوە مەزڵومە لە دڵ و مێشکی بەشێکی ڕای گشتی ئەمەریکی و جیهانی جێی خۆی کردووەتەوە. ئەوانەش گاڵتەیان بە گرنگی هاوسۆزی ڕای گشتی ئەمەریکا و ڕۆژئاوایی دێت.

من ساڵی 1991-2014 و مانگی 12ی 2018ەیان بیردەهێنەمەوە. کۆڕەوە ملیۆنییەکەی دوای ڕاپەڕین و هاوسۆزی ڕای گشتی فەرەنسی و ئەمەریکی بووە هۆی دامەزراندنی هێڵی 36. وێنەکانی ڕووداو لەسەر چیای شنگال بیانۆی سەرەکی ئۆباما بوو لە پەشیمان بوونەوە لە بڕیاری نەگەڕانەوە بۆ عێراق و ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی پێشئەوەی داعش بگاتە هەولێر. شەپۆلی ڕەخنەی ڕای گشتی و نوخبەی سیاسی ئەمەریکی بوو کە ساڵی ڕابردوو دۆناڵد ترەمپی پەشیمانکردەوە لە بڕیاری کشانەوەی تەواو لە سووریا.

مەرج نییە ڕای گشتی هەموو جارێک کاریگەر بێت یاخود سەرکردەکان لێی تێبگەن. ئەوە دۆناڵد ترەمپ پێیوایە کشانەوە لە سووریا دەنگی زیاتری بۆ کۆدەکاتەوە. بەڵام ئەم جۆرە هاوسۆزییە شتێکی نوێیە و پێویستە -بەتایبەتی- بڕیاربەدەستانی کورد لێی ئاگادارین و کاری لەسەر بکەن.

ئیدی کلیلی پشتگیری نێودەوڵەتی تەنها لای سیاسییەکانی واشنتن و پایتەختەکان نییە، بەڵکو لە هزر و دڵی بەشێک لە ڕای گشتی ئەمەریکی و ڕۆژئاواییە کە کورد بە ڕزگارکەر دەبینێت لەبەرامبەر هەڕەشەی تیرۆر.

### کاردانەوە جیهانییەکان لەبارەی ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەر خۆرهەڵاتی فورات فراوانتر دەبێت

# ئەردۆغان دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی خۆرهەڵاتی فوراتی ڕاگەیاند

## سەرۆککۆماری ئێران داوا لە تورکیا دەکات دووبارە چاو بە بڕیارەکەیدا بخشێنێتەوە

**سێرگی لاڤرۆڤ:**
دیالۆگ مەرجە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕۆژئاوای کوردستان لە سووریا

**لیندسی گراهام بۆ تورکیا:**
گڵۆپی سەوزت بۆ هەڵنەکراوە تا بچیتە ڕۆژئاوای کوردستان

**سالح موسلیم:**
ئەمەریکا ئێمەی دروست نەکردووە بەڵکوو خۆمان خۆمانمان دروستکردووە

**کۆماری چیک:**
نیگەرانین لە بەرانبەر ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا

**فەرماندەی گشتیی پێشووی فەرماندەیی ناوەندی ئەمەریکا ڕەخنە لە سیاسەتی وڵاتەکەی دەگرێت**

**مایک ڕۆجەرز:**
سوپاس بۆ کوردەکان کە توانییان داعش لەناو ببەن



**ئا: خەبات/** دوای ئەوەی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا ڕاگەیاند، چیتر ئێمە شەڕ لە سووریا ناکەین و بەشێک لە هێزەکانی وڵاتەکەشی لەسەر سنووری سووریا کشاندەوە، گوتیشی: ئێمە چەک و پارەمان بە کورد داوە. ئەمەش بووە جێی نیگەرانی کورد و کاردانەوەی نێودەوڵەتیشی لێکەوتەوە. لە پەیوەست بەم لێدوان و هەڵوێستانەی ترەمپ سەبارەت بە دۆخی سووریا و کێشەی کورد، سەرۆک بارزانی لە پەیامێکدا ڕەخنەی لە دۆناڵد ترەمپ گرت و ڕایگەیاند: گەلی کوردستان هەمیشە داوای مافە ڕەواکانی خۆی کردووە و بەرگریی لە خۆی کردووە، پێشمەرگە ئەفسانەی داعشی تێکشکاند و کورد بەشێکی کاریگەر بوون لە هاوپەیمانیی دژی تیرۆر، خوێنی کورد ژۆر لە چەک و پارە، بەهادارترە. هاوکات سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیاش ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا گرت و ڕایگەیاند: سیاسەتی ئەمەریکا ڕەنگە ناوچەکە بسووتێنێت. هەروەها ئێوارەی دوێنێ چوارشەمە ئەردۆغانی سەرکۆماری تورکیا ئۆپەراسیۆنی خۆرهەڵاتی فوراتی ڕاگەیاند و لە هەندێ شوێنیش بۆردوومان دەستپێکرد و بەهۆیەوە خەڵکێکی زۆریش ئاوارە بوون.

### سەرۆککۆماری ئێران داوا لە تورکیا دەکات چاو بە بڕیارەکەیدا بخشێنێتەوە

سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی سەبارەت بە ئەگەری ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەر خۆرهەڵاتی فورات ڕایگەیاند: حکوومەتی تورکیا نیگەرانی هەیە لەبارەی سنوورەکانی باشووری، بەڵام دەبێت ڕێگای دروست هەڵبژێرێت. سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی داوای لە تورکیا کرد دووبارە چاو بە بابەتەکەدا بخشێنێتەوە و وریابێت، ئەوەیشی خستەڕوو کە ئەو ڕێگەیەی هەڵیبژاردووە سوودی نییە بۆ تورکیا، سووریا و ناوچەکە، بە پێویستیشیزانی ئارامی لەو وڵاتەدا دەستەبەر ببێت و پەنابەران بەخێرایی بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵوحاڵیان.

### سێرگی لاڤرۆڤ هۆشداری دەدات

وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، سێرگی لاڤرۆڤ هۆشداریدا لەبارەی ئەوەی کە ڕەنگە سیاسەتی ئەمەریکا لە سووریا تەواوی ناوچەکە بسووتێنێت. وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، سێرگی لاڤرۆڤ دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی کازاخستان، باسی لەوە کرد کە کوردای عێراق نیگەرانن لە چالاکییەکانی ئەمەریکا لە سووریا و ڕەنگە سیاسەتی ئەمەریکا لە سووریا هەموو ناوچەکە بسووتێنێت، لاڤرۆڤ ئاماژەی بەوەش کرد چالاکییەکانی ئەمەریکا لە سووریا دژیەکن و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پێشێلکردووە لەبارەی یەکپارچەیی خاک و سەروەری سووریا. وەزیری دەرەوەی ڕووسیا باسی لەوەش کرد کە دیالۆگ مەرجە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕۆژئاوای کوردستان لە سووریا، گوتیشی: ئومێدەوارین پشتیوانی لە دیالۆگ بکرێت.

### گراهام بۆ تورکیا: هێڵی سوور نەبەزێنی

لیندسی گراهام، ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا لە پەیوەندییەکانی دەرەوە و ئەندامی سەر بە پارتی کۆماری و یەکێک لە سیاسەتمەدارە ناودارەکانی واشنتن، پەیامێکی ئاراستەی تورکیا کرد و گوتی: گڵۆپی سەوزت بۆ هەڵنەکراوە تا بچیتە ڕۆژئاوای کوردستان لە سووریا. هەروەها دەشڵێت: لە کۆنگرێس لە هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی بەرهەڵستکارییەکی زۆر هەیە. پێویستە ئەوە وەک هێڵی سوور ببینی و لەسەرت پێویستە ئەو هێڵە نەبەزێنی. لیندسی گراهام لە ڕابردووشدا هەڵوێستی بەو جۆرە بووە، کە نابێت ئەمەریکا پشت لە کورد لە بکات.

### کۆماری چیک نیگەرانە

کۆماری چیک نیگەرانی زۆری خۆی لەبارەی مەترسی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەبڕی و داوای کرد کە وڵاتانی ئەوروپا بە پەلە ڕێگە لە سیناریۆکانی تورکیا بگرن. سەرۆک وەزیرانی چیک، ئەندریە بابیچ ڕایگەیاند، پێویستە ئەوروپا بە پەلە و دەستوبرد وەڵامی خێرای تورکیا بداتەوە. سەرۆک وەزیرانی چیک ڕاشیگەیاند: ئەو هێرشەی تورکیا سەر دەکێشێت بۆ ئاوارەبوون و لێشاوێکی گشتییەکانی پەیەدە سالح موسلیم سەبارەت بەوەی بەتەواوی هێزەکانی ئەمەریکا لەکوێ کشاونەتەوە؟ گوتوویەتی: ئەوەی کە باس دەکرێت هێزەکانی ئەمەریکا کشاونەتەوە بەتەواوی لەسەر سنوورە لەو خاڵانەی کە وەک خاڵی پاراستن بەکاریان دەهێنان و تەنیا پێیان گوتین ڕێنمایی هاتووە و دەکشێینەوە، بەڵام لە شوێنەکانی تر لە شوێنی خۆیانن وەکو خۆیان ماونەتەوە، وەک لە حەسەکە، نزیکی کۆبانی، هەروەها لە ڕەققە لە شوێنی خۆیانن و هیچ گۆڕانکارییەک ڕووی نەداوە، سەبارەت بەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەو شوێنانە کشابێتنەوە، بەڵکو لە ئەرکی خۆیان بەردەوامن. سالح موسلیم ئاماژەی بەوەشکرد: ئێمە ئەوە نازانین کە چ گفتوگۆیەک لەنێوان ئەمەریکا و تورکەکاندا ڕویانداوە. سالح موسلیم دەشڵێت: تورکیا جدی بێت یا جدی نەبێت ئەوە سەرۆککۆمار بڕیار دەدات، چونکە سەرۆککۆمار ڕۆژانە لە میدیاکانەوە باسی ئەوە دەکات وە ئامادەکاریش هەیە، بەڵام ئەگەر بیانەوێت یاخود نا ئێمە بەجدی وەریدەگرین، چونکە بەهەزاران لە جەندرمەی تورکی و چەک و تەقەمەنیان لەسەر سنور کۆکردۆتەوە، بۆیە ڕاست بێت یاخود نا ئێمە مەجبورین بە جدی وەربگرین. موسلیم جەختی لەسەر بەردەوامی پەیوەندییەکانی سوپای ئەمەریکا و سوپای ئازادکردەوە و گوتی: بەڵێ پەیوەندی ئێمەو ئەمەریکا هەیە و بەیەکەوە کار دەکەین هەتا ئێستە ئەمەریکییەکان نەڕۆشتوون و هێشتا لێرەن گشتییەکانی پەیەدە سالح موسلیم سەبارەت بەوەی بەتەواوی هێزەکانی ئەمەریکا لەکوێ کشاونەتەوە؟ گوتوویەتی: ئەوەی کە باس دەکرێت هێزەکانی ئەمەریکا کشاونەتەوە بەتەواوی لەسەر سنوورە لەو خاڵانەی کە وەک خاڵی پاراستن بەکاریان دەهێنان و تەنیا پێیان گوتین ڕێنمایی هاتووە و دەکشێینەوە، بەڵام لە شوێنەکانی تر لە شوێنی خۆیانن وەکو خۆیان ماونەتەوە، وەک لە حەسەکە، نزیکی کۆبانی، هەروەها لە ڕەققە لە شوێنی خۆیانن و هیچ گۆڕانکارییەک ڕووی نەداوە، سەبارەت بەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەو شوێنانە کشابێتنەوە، بەڵکو لە ئەرکی خۆیان بەردەوامن. سالح موسلیم ئاماژەی بەوەشکرد: ئێمە ئەوە نازانین کە چ گفتوگۆیەک لەنێوان ئەمەریکا و تورکەکاندا ڕویانداوە. سالح موسلیم دەشڵێت: تورکیا جدی بێت یا جدی نەبێت ئەوە سەرۆککۆمار بڕیار دەدات، چونکە سەرۆککۆمار ڕۆژانە لە میدیاکانەوە باسی ئەوە دەکات وە ئامادەکاریش هەیە، بەڵام ئەگەر بیانەوێت یاخود نا ئێمە بەجدی وەریدەگرین، چونکە بەهەزاران لە جەندرمەی تورکی و چەک و تەقەمەنیان لەسەر سنور کۆکردۆتەوە، بۆیە ڕاست بێت یاخود نا ئێمە مەجبورین بە جدی وەربگرین. موسلیم جەختی لەسەر بەردەوامی پەیوەندییەکانی سوپای ئەمەریکا و سوپای ئازادکردەوە و گوتی: بەڵێ پەیوەندی ئێمەو ئەمەریکا هەیە و بەیەکەوە کار دەکەین هەتا ئێستە ئەمەریکییەکان نەڕۆشتوون و هێشتا لێرەن

### هێزەکانی ئەمەریکا تەنیا لە خاڵە سنورییەکان کشاونەتەوە

هاوسەرۆکی پەیوەندییە پەیوەندی هێزی سووریای دیموکرات زیاترە لەگەڵیان و ڕۆژانە بەیەکەوە کار ئەکەن چالاکی بە یەکەوە ئەنجام دەدەن بەتایبەتی دژی داعش لە لای دێرەزور لای ڕەقە شتێکیش کە بووە هەندێکیان لە بنکەکانی چاودێری لە سەر سنووەرکان کشاندوەتەوە لەوە زیاتر هیچی تر نییە.

### سووریا دەبێتە قەسابخانە

مایک ڕۆجەرز، سەرۆکی پێشووی لیژنەی هەواڵگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا لەدیدارێکیدا بۆ سی ئێن ئێن، هۆشداری داوە لەوەی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی تورکیا بۆ باکووری ڕۆژهەهەڵاتی سووریا ببێتە قەسابخانەیەک بۆ کوردانی سووریا، ڕۆجەر سەبارەت بە بڕیاری ترەمپ لە هەمبەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری سووریا گوتی: تورکەکان هەوڵ دەدەن زۆرترین ژمارەی لە کورد بکوژن، ئەگەر پێیان بکرێت، چونکە ئەمە برینێکی دوور و درێژە بۆ تورکەکان. هەروەها گوتیشی: مەشقمان بە کوردەکان کرد و ڕۆڵمان دانێ، پێمان گوتن ئەم شتانە بکەن بۆ لەنابردنی داعش، هەروەها سەرۆکی ئەمەریکا شانازی پێوەکردن لەخێرایی جوڵەکانیان بۆ لەناوبردنی داعش، سوپاس بۆ کوردەکان کە توانیان ئەمە بکەن. هەروەها جۆزیف ڤۆتێل، فەرماندەی گشتیی پێشووی فەرماندەیی ناوەندی ئەمەریکا- سنتکام، لە وتارێکدا کە لە گۆڤاری The Atlanticی ئەمەریکی بڵاویکردوەتەوە، لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و بە تەنها هێشتنەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات کە وەک هاوپەیمانی ئەمەریکا ناویان دەبات، هۆشداری داوە. ڤۆتێل نووسیویەتی: باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا یەکێک لە سەرکەوتووترین هاوپەیمانەکان بوون، داعش سووریای وەک شوێنی چالاکیی لە عێراق و هەموو جیهان و پەروەردەی چەتە بیانییەکانی بەکاردەهێنا، پێویست بوو بەپەلە و چالاکانە شەڕی داعش بکرێت، لە بەردەوامیدا ڤۆتێل نووسیویەتی: ئەوان لە داهاتووی شەڕی سووریا تێگەیشتبوون و داعشیان بە مەترسی هەرەگەورە لەسەر گەلەکەیان دەبینی، ئێمە لە کۆتاییدا هاوپەیمانێکی گونجاومان دۆزییەوە کە بۆ لەناوبردنی داعش هاوکاریان بکات.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/10/10 ژمارە (5846)



# "گاردیان"ی بەریتانی: خیانەتی تەمپ کوردی تووڕە کردووەو مایەی هەڕەشەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خودی ئەمەریکا

ئا: خالید گەردی

دوا بەدوای بڕیارە کتوپڕەکەی دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە رۆژئاوای کوردستان لە ناوچە هاوسنووربییەکانی سووریا لەگەڵ تورکیا، هەروەها هەڵکردنی گلۆپی سەوز بۆ حکوومەتی تورکیا تا هێرشە چاوەڕوانکراوەکەی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکرات ئەنجام بدات، کە چەندین ساڵە بە هەماهەنگیی ئەمەریکا شەڕی داعشیان دەکرد و ئەمەریکاش هەسەددی بە هاوپەیمانی خۆی ناو دەبرد، بڕیارە لەناکەوەی ترەمپ وای کرد هێزەکانی هەسەدە بە تەنیا لەبەردەم پەلاماری سوپا زەبەلاحەکەی تورکیا بهێنێنەوە.

لەمبارەیەوە رۆژنامەی "گاردیان"ی بەریتانی بابەتێکی بەناونیشانی "خیانەتی ترەمپ کوردی تووڕە کردوو بۆتە مایەی هەڕەشەش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خودی ئەمەریکا" بڵاوکردۆتەوە و تیایدا هاتووە: لەسەرەتای ساڵی 2015 ئەو کاتەی چەکدارانی داعش لەوپەڕی بە هێزی دابوون و بەئاسانی بەسەر سوپاکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین سەرکەوتنیان تۆمار دەکرد، هەروەها ببوونە مایەی مەترسییەکی گەورەش بۆ سەر وڵاتانی رۆژئاوا، وێڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی چەکدارانی داعش داوای یارمەتی لە کوردەکان کرد، بەڵام وادیارە دوای چوار ساڵ، لە سەروبەندی هێرشە چاوەڕوانکراوەکەی سوپاکەی تورکیا بۆ سەر ناوچە کوردییەکان، ئەمەریکا لە پاریزگاری کردن لە هێزە کوردییەکانی هاوپەیمانی، خۆی بەدوور دەگرێت.


رۆژنامەکە ئاماژە بەوە دەکات هاوکات لەگەڵ کێشانەوەی یەکە و هێزە زرێپۆشەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە، کوردەکەکان تووڕەبوونی خۆیان دەربڕی داوای وازهێنان لە هێرشی تورکیا بۆ ئەنجامدانی هێرشە سەربازییەکەی، کە دەیێتە هۆکاری گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە و مایەی هەڕەشە بۆ ئەو دەستکەوتانەی لە سەرکەوتنیان بەسەر داعش بەدەستیان هێناوە.

لە بابەتەکەدا هاتووە، دوای سەرکەوتنی هێزە کوردییەکان بەسەر رێکخراوی داعش، ئەم هێزانە، واتا هێزە کوردییەکان لە گلدانەوەی 90هەزار کەس کە چەکدار و لایەنگری داعش بوون بەرپرسیارن، لە نێوشیاندا ژمارەیەک لە هزرمەندو سەرکردەی داعشی تیایە، بەمەش سەر لە نوێ مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش لە عێراق و سووریا دەکرێت.

شێوازی تێڕوانینی دۆنالد ترەمپ بۆ رووداوە جیهانییەکان، رێک هاوشێوەی تێڕوانینیەتی بۆ سەوداگەرییە بازرگانییەکان، کە لایەنی میتژوویی و ئەخلاقی تیا بەدی ناکرێت و واقیعەکەی پشتگوێ دەخات، بە پشت کردنی لە کورد ئەو بەرژەوەندییە هەرێمایەتییەی بە نیازە دابینی بکات، رووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە.

کاتێ ترەمپ ویستی لە مانگی کانونی یەکەمی رابردوو سوپاکەی لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا بکشێتەوە، ئەوکات راوێژکارەکانی توانییان لە بیرۆکەی کشانەوە پاشگەزی بکەنەوە، کاتێ بۆیان روونکردەوە؛ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا هەل بە ئێران دەبەخشێت بەشێوەیەکی بەرفراوانتر دەستێوەردان لە ناوچەکە بکات، ئەم بۆچوونەشیان تا ئێستا هەر ماوە.

لە کۆتاییشدا لە بارەی هەڵبژاردەکانی بەردەم کورد، ئاماژە بەوە دەکات کورد لە لەبەرپەرچدانەوەی هێرشە بەرفراوانەکانی تورکیا رووبەڕووی زەحمەتی زۆر دەبێتەوە، رەنگە دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ حکوومەتی سووریا بۆ دوورخستنەوەی تورکەکان یەکێ لەو هەڵبژاردە کەمانەی بەردەم کوردەکان بێت، رۆژنامەکە وای دەبینێت تورکەکان سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنن، بەجۆرێک بتوانن کوردەکان لەدرێژایی سنوورەکەیان دوور خەنەوە.




# هەولێر.. نووسەر و ڕووناکبیری کورد زیوەر خەتاب کۆچی دوایی کرد

دوێنێ چوارشەمە زیوەر خەتاب نووسەر و ڕووناکبیری کورد لە تەمەنی **91** ساڵیدا بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد. زیوەر خەتاب، نووسەر و ئەدیب و ڕووناکبیرێکی دیار و خوێندنەرێکی جیدیی دنیای ئەدەب و فەلسەفەیە و ماوەی زیاتر لە **70** ساڵی ژیانی بە خوێندنەوەی ئەدەب و بەرهەم و شاکارە بەرزەکانی جیهان تەرخان کردووە.

زیوەر خەتاب، یەک لەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەیە کە زۆری خوێندووەتەوە و کەمی نووسیوە و لە ژیانی خۆیدا لە هەولێر زۆر کەسی پێگەیاندووە و یەک لەو کەسانەیە کە شارەزاییەکی زۆری لەسەر شاعیری ناسراوی عەرەب "جەواهیری" هەیە و کتێبێکیشی لەبارەیەوە نووسیوە. نازاد عەبدولواحید نووسەر و سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان، لەبارەی ژیان و بەرهەم و ئایدیا و فکر و باوەڕی دیمانەیەکی فراوانی لەگەڵ ساز کردووە و لە کتێبێکدا بەناوی "دروێنەی ڕۆژهەکانی زیوەر خەتاب" چاپ و بڵاوی کردەوە و پێنجشەمەی هەفتەی رابردوو لە ڕێوڕسمێکدا لە یەکێتیی نووسەرانی کورد/لقی هەولێر بە ئامادەبوونی نووسەران و ڕۆشنبیران و بنەماڵەکەی خرایەڕوو.

# عێراق.. راوەدوونانی گەندەڵی لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا

ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی لە عێراق رایگەیاند کە دەست دەکات بە راوەدوونانی گەندەڵی لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. ئەو ئەرکەی کە ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی دەستی پێ دەکات پێشتر نووسینگەکانی پشکنەرە گشتییەکان لە وەزارەتەکان و دامەزراوەکانی دیکە جێبەجێیان دەکرد. ڕۆژی سێشەمە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاردابوو بە هەڵپەساردنی نووسینگەکانی پشکنەرە گشتییەکان کە بەگوتەی چاودێران زۆربەیان بوون بە پەردەپۆش لەسەر گەندەڵی کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بڵاوبووەتەوە. ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی لە عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا هاتووە "داواکاری گشتی بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی دەستپاکی، دیوانی چاودێری دارایی و فەرمانگە یاساییەکان لە وەزارەتەکان و لایەنەکانی ناپەیوەندار بە وەزارەتەکان، ئەرکی راوەدوونانی گەندەڵی لە دامەزراوەکاندا جێبەجێ دەکات".

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە سەرەتای جێبەجێکردنی ئەرکەکە بریتی دەبێت لە دیاریکردنی حاڵەتەکانی سەرپێچکردنی یاسا و ڕێنمایەکان ئەگەر دۆزرانەوە و دواتر پێشکەش بە دادگاکانی لێکۆڵینەوە تایبەت بە پرسەکانی دەستەی دەستپاکی دەکرێت. لە ڕاگەیەندراوەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە بەپێی بەڵگەکان و پابەندبوون بە یاسا، ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی بەهیچ شێوەیەک سڵ ناکاتەوە لە بەرەنگاربوونەوە و ئاشکراکردنی گەندەڵکاران و تاوانباران.



# میگان مەکین: کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا شەرمەزاریی و شوورەیی بۆ ئەوانەشی کە پشتگیریی لێدەکەن

Ktv/میگان مەکین نووسەری ئەمەریکی و کچی سیناتۆر جۆن مەکینە لە ساڵی 2008 پاڵێوراوی سەرۆکایەتی ئەمەریکا بوو، لە بەنامەی The Viewبە تووندی ڕەخنەی لە بڕیارەکەی دۆنالد ترەمپ گرت لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری سووریا و سنووری نێوان سووریا و تورکیا. میگان مەکین چەند کاتژمێرێک دوای بڕیارەکەی ترەمپ دەربارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری سووریا و سنووری نێوان سووریا و تورکیا زۆر بە تووندی ڕەخنەی لە بڕیارەکەی ترەمپ گرت لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بە "خیانەت" لە هاوپەیمانە کوردەکانیان وەسف کرد.

میگان دەربارەی هەواڵی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا نووسیویەتی: من ئەم بەیانییە زۆر تێکچووم و زۆربەی نیگەران بووم دەربارەی ئەو هەواڵە، کەوا ئێمە واز لە هاوپەیمانە کوردەکانمان دەهێنین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوان هەموو ئەندامێکی پارتی کۆماری نیگەران بوون لە بڕیارەکەی ئۆباما کە لە عێراق کشایەوە: ئێوە پەککەوتە و ترسنۆکن و نیشتیمانپەروەر نین، من ناتوانم باوەڕبکەم کە ئەمە شوێنی ئێمە بێت لە دیبلۆماسیەت، ئەمە چ نامەیەکە دەنێرن بۆ هاوپەیمانانمان ئەوانەی کە شەڕیان کردووە شان بە شانی ئێمە و سوپای ئەمەریکا و دواتر مردوون؟

میگان لە کۆتایی قسەکانیدا کە ئاڕاستەی تەرمپی کردووە ڕایگەیاندووە: ئەگەر تۆ پشتگیری هاوپەیمانان دەکەیت، ئەگەر تۆ پشتگیری ئەو کەسانە دەکەیت کە باوەڕیان بە ئازادی و دیموکراتی هەیە و شەڕ بۆ لایەنی ڕاست دەکەن و تۆ لە هەمان کاتدا هێشتا پشتگیری لە کشانەوە دەکەیت، دواجار تۆ نە کەسێکی پارێزگاری و نە تاکە کەسێکی ئەمەریکیشیت.

**سەرچاوە:**
arabic.sputniknews.com

# عێراق.. ڕاگرتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوامە

ڕاگرتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بەردەوامە.

لەوبارەوە میدیاکان ڕایانگەیاندووە، وێڕای گەڕانەوەی تۆڕەکانی زانیاری نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ، بەڵام هێشتا ڕاگرتنی هێڵەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بەردەوامە جگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، وێڕای ئەوەی کە دوێنێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە شاری بەغدا و پارێزگاکانی باشوور کرانەوە.

پێشتر بە هۆی خۆپیشاندانەکانەوە، هێڵەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەغدا و شارەکانی دیکەی باشووری عێراق ڕاگیران کە تا ئێستا بەردەوامە.

لەوبارەوە میدیاکان ڕایانگەیاندووە، وێڕای گەڕانەوەی تۆڕەکانی زانیاری نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ، بەڵام هێشتا ڕاگرتنی هێڵەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بەردەوامە جگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. ئاماژەی بەوەیشکردووە کە ڕۆژی سێشەمە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت لە بەغدا و پارێزگاکانی باشوور کرابوونەوە، بەڵام جارێکی دیکە ڕاگیرانەوە. تا ئێستا هیچ زانیاری و ڕوونکردنەوەیەک لەو بارەوە لە لایەن کاربەدەستانی عێراقەوە بڵاونەکراوەتەوە.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان:

# پڕۆسەی ماڕەبڕینی هاوژینان ڕێکدەخرێتەوە



دکتۆر عەبدوڵڵا سەعید، سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ئێمە وەک یەکێتیی زانایان پڕۆژەیەکی نوێمان لە بەردەستە بۆ ماڕەبڕین، کە بابەتێکی کۆمەڵایەتیی گرینگە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە و لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتیی پەرلەمانتاران و سەندیکای پارێزەران سەرقاڵی ئامادەکردنی پڕۆژەیاسایەکین بۆ ڕێکخستنەوەی پڕۆسەی ماڕەبڕینی هاوسەران، لەبەر ئەوەی بابەتێکی هەستیار و گرینگە بۆ وڵاتی ئێمە و بەداخەوە لە کاتی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی لە ساڵی 2008 نەتوانرا بە یەکجاری چارەسەری پرسەکە بکرێت.

سەرۆکی یەکێتیی زانایان دەڵێت: لەسەر تاسەری هەرێمی کوردستان هەر ناوچەیەک بەپێی سنووری جوگرافی چەند کەسێک دیاری دەکرێن و تەنیا ئەو کەسانە مۆڵەتیان پێدەدرێت پڕۆسەی هاوسەرگیری و ماڕەبڕین ئەنجام بدەن، ئێستاش بابەتەکە تێکەڵە، لە دادگا دادوەر ماڕە دەبڕێت و لە دەرەوە مامۆستای ئایینی و ڕۆشنبیری ئایینی تەنانەت هەندێ کەس ماڕەبڕین ئەنجام دەدەن زانیاریی ئایینییان نییە. دکتۆر عەبدوڵڵا ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: پڕۆسەکە بەرپرسیاریەتیی تێدایە و پێویستە تاقیکردنەوە بۆ ئەو کەسانە ئەنجام بدرێت، کە مۆڵەتی ماڕەبڕینیان پێدەدرێت و هەموو وردەکارییەکان بخرێنە بەردەمیان تا بزانن کێ مافی هەیە ماڕە بکرێت و تەمەنی چەندە، لەبەر ئەوەی ناکرێت هەر کەسە و لەخۆیەوە ماڕەبڕین ئەنجام بدات و بە یاسا ڕێک دەخرێت. ناوبراو زیاتر گوتی: هەندێ کەس لە کاتی ماڕەبڕیندا پارەیەکی زۆر لە هاوواڵانیان وەردەگرن و پڕۆسەکە بە دەرفەت دەزانن، بەڵام لە پڕۆژەیاسا نوێیەکەدا هەمووی دیاری دەکرێت و نابێت کەس نرخی زیاتر وەربگرێت، بەڵکوو نرخی ماڕەبڕین بە یاسا دیاری دەکرێت.



# ڕۆڵی هەرێمی کوردستان بۆ لەخۆگرتنی ئاوارەکان و پێکەوەژیانی ئایینی بەرزنرخێنرا

دوێنێ شاندێکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرۆکایەتی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی د. پشتیوان سادق لەگەڵ پێترۆ پارۆلین سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پەیوەندی هەردوولا و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان بۆ لەخۆگرتنی ئاوارەکان بەگشتی و پێکەوەژیانی ئایینی بەرزنرخێنرا، سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستانی کرد کە نموونەیەکی جوانی بەهای بەرزەکانی مرۆڤایەتی پیشانی هەموو دونیا دەدەن. هەروەها لە بۆنەیەکی گشتیدا لە ڤاتیکان د. پشتیوان سادق لەگەڵ پێترۆ پارۆلین سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پەیوەندی هەردوولا و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان بۆ لەخۆگرتنی ئاوارەکان بەگشتی و پێکەوەژیانی ئایینی بەرزنرخێنرا، سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستانی کرد کە نموونەیەکی جوانی بەهای بەرزەکانی مرۆڤایەتی پیشانی هەموو دونیا دەدەن. هەروەها لە بۆنەیەکی گشتیدا لە ڤاتیکان د. شاندی یاوەری چاویان کەوت بە پاپایی ڤاتیکان و دڵخۆشی خۆی بۆ ئارامی کوردستان و بەهاMرۆڤایەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەبڕی و بەڵێنی دا کە هەوڵ دەدات سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستان بکات. هەر لەمیانی دیدارەکاندا بڕیارە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڤاتیکان و جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتالیا کۆببێتەوە، شایەنی باسە لەم کۆبونەوانەدا باس لە ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی و بلاوبوونەوەی بیری میانڕەوی لە هەرێمی کوردستان دەکرێت.

## پرسەو سەرەخۆشی

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**
**بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو عەلی عوسمان**
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و کەسایەتی دیاری شاری دهۆک عەلی عوسمان ناسراو بە ئێتیتی مزوری- مان پێگەیشت.
هاوخەمی بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەنین و سەرەخۆشی ئارستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
**إنا لله و إنا إليه راجعون**
**بارەگای بارزانی**

## حاجی ئۆمەران...

# زیاتر لە 74 تۆن ڕۆنی ئۆتۆمبێل بۆ ئێران گەڕێندرایەوە

بەهۆی دەرنەچوون لە پشکنینی کۆمپانیای نیوستاندار و بنکەی کۆنترۆڵی جۆری لە سنووری حاجی ئۆمەران، دەیان دوو بارهەڵگری ڕۆنی ئۆتۆمبێل گەڕێندرایەوە سیروان حوسێن، بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران بە باسنیوزی ڕاگەیاند: دوێنێ سێشەممە /8/ 10/2019 لە کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران 2 بارهەڵگر لە ڕۆنی ئۆتۆمبێل کە سەرجەم 74 تۆن و 518 کیلۆگرام بووە، گەڕێندرایەوە بۆ ئێران، چونکە لەلایەن کۆمپانیای نیوستاندار و بنکەی کۆنترۆڵی جۆری حاجی ئۆمەران پشکنینی تاقیگەی بۆی ئەنجام درا، بەڵام لە پشکنینی فیزیایی تاقیگە دەرنەچوو. گوتیشی: ئەم ڕۆنەی ئۆتۆمبێل باجی ژمارە و ڕێکەوتی دروستکردن و بەسەرچوونی لەسەر نەبووە، بۆیە لەلایەن لێژنەی هاوبەشی کۆمەڵگەوە گەڕێندرایەوە بۆ وڵاتی ئێران

# وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار هێڵێکی گەرم دەکاتەوە

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی بەدواداچوون و وەڵامدانەوەی داواکاری و پرسیاری هاوواڵتییانی سەرجەم شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان هێڵێکی گەرمی تەلەفۆنی بڵاوکردەوە.

بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامەی خەبات کەوتووە، داوا لە هاوواڵتییانی کوردستان دەکات، بۆ هەر پرسیار و بەدواداچوونێک، ڕۆژانە لەکاتی دەوامی ئاسایی لە کاتژمێر 8ی بەیانی تا 3ی دوای نیوەڕۆ، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی 07502635858ی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، بۆ بەدواداچوون و وەڵامدانەوەی کێشە و داواکاری و پرسیاری هاوواڵتییان.



وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار

بۆ هەر پرسیار و بەدواداچوونێک، لەڕێی ئەم ژمارە تەلەفۆنەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە وەزارەتەوە بکەن

٠٧٥٠ ٢٦٣ ٥٨٥٨

لە کاتژمێر ی٠٠:٨ی بەیانی تا ٠٠:٣ ی دوای نیوەڕۆ بەردەستە

# هەولێر... بەنزینخانەیەکی تایبەت بە ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن دروستدەکرێت

**خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:**

لەسەر داواکاری د.سامان حوسێن بەرزنجی وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیWHO سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندیان دەبڕی لەسەر دروستکردنی بەنزینخانەیەکی تایبەت بە ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن (ئەمبولانس) لەشاری هەولێر، وەکو هەنگاوێک بۆ ئاسانکاری و بەرەو پێشبردنی سیستەمی فریاگوزاری خێرا لە هەرێمی کوردستاندا.

# حەفت مولیدێن کارەبایێ بسەر گوندێن سنووریێ ناحیا قەسروکێ هاتنە دابەشکرن



**خەبات ـ ئالان شەهاب:**

ل ناحیا قەسروکێ و لژێر چاڤدێریا سردار شێخ یەحیا بەرزنجی قائیمقامێ قەزا شێخان و ب ئامادەبونا خولە شلی کارگێرا لقا 20یا پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێڤەبەرێ ناحیا قەسروکێ و ب ئامادەبونا ژمارەکا بەرچاڤا بەرپرسێن دامودەزگایێن میری و حزبی و نوێنەرێ کومپانیا گولف کیستون یا دەرئیخستنا نەفتێ 7مولیدێن کارەبایێ لسەر گوندێن سنووریێ ناحیا قەسروکێ هاتنە دابەش کرنێ. ژ وانا ژی گوندێن کەڤرەسور - رولک - خرابا شەرقا - کانی وەزارەتا سامانێن سروشتی یا حکومەتا هەرێمێ ڤە هاتینە دابینکرن.


# دهۆک... پلانا زێدەکرنا بەرهەمێ ماسیان هاتەدانان



ڕێڤەبەرێ سامانییێن ماسیان ل پارێزگەها دهۆکێ دیارکر کو پلانەک بۆ زێدەکرنا بەرهەمێ ماسیان ل دهۆکێ هاتییە دانان ل دووڤ وێ پلانێ بەرهەمێ ماسیان دێ ژ پێنج هزار تەنان بۆ دەه هزار تەنان دهێتە زێدەکرن.

شوکری عومەر، ڕێڤەبەرێ سامانییێن ماسیان ل پارێزگەها دهۆکێ بۆ باسنیوز دیار کر: بۆ زێدەکرنا بەرهەمێ ماسیی ل دهۆکێ پلانەکا باش هاتیە دانان هەتا سالا 2022ل دووڤ پلانێ پێدڤیە بەرهەمێ ماسیا خۆمالی ل ناڤ دهۆکێ دا بگەهتە دە هزار تەنان ئەڤە ژی دی بیتە هاندار بهایی فرۆتنا ماسیی دناڤ بازاری دا ژی هەتا ڕادەیەکێ باش ئەرزان بیت کو نها هەتا پێنج هزار تەنییێن ماسیان ل دهۆکێ دهێنە بەرهەم ئێنان ئەم کاردکەین دوو قات ڤێ بەرهەمێ زێدە بکەین وپشتەڤانیی ل بەرهەمێ نافخۆیی یێ سامانی ماسیان بهێتە کرن. خۆیا ژی کر: ل دووڤ پلان هاتیە دان ئەم هەولا دەن بەرهەمێ بیانی یێ ماسیا بهێتە کێمکرن ناڤ بازاری مە دا نە بۆرت ژ 110تەنان چونکو دەمێ بەرهەمێ مە زێدەبیت ئێدی پێدڤی بەرهەمێ بیانی نابیت.

# دهۆک.. لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا 10 کەس بوونە قوربانی




لە شارەدێی مانگێشکێی لە سنووری پارێزگای دهۆک بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆوە 10کەس بوونە قوربانی.

لەمبارەوە، ئازاد تەها گوتەبێژی بەڕێوبەرایەتیی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک بە باسنیوزی ڕاگەیاند: کاتژمێر 7:30ی بەیانی چوارشەممە 2019/10/9 بەهۆی پێکدادانی دوو ئۆتومبێل لە جۆری پیکئاپ تۆیۆتا و بارهەلگر لەگەڵ پیک ئاپ دێر بارهەڵگر لەسەر ڕێگای گشتی شارەدێی مانگێشکی بۆ کۆمەڵگەی باگێرا لە سنووری پارێزگای دهۆک 10 کەس بریندار بوون. ڕاشیگەیاند: دوای ڕووداوەکە بریندارەکان گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک و جگە لە زیانی گیانی، زیانی مادی زۆریش بەر هەردوو ئۆتومبێلەکە کەوتووە.

# هەولێر... چوار کۆگای خۆراک داخران



**خەبات ـ فاتیح:**

لێژنەی پشکنین و چاودێریی بازاڕ بە سەرپەرشتی نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر و سەرۆکی لێژنە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی شەش، پشکنین و بەدواداچوون بۆ 13کۆگای خۆراک ئەنجامدرا کە بەهۆی پابەندنەبوون بە مەرج و ڕێنماییەکان چوار کۆگای خۆراک داخران، مەبەست لە پشکنین و چاودێری و بەدواداچوونەکانی قایمقامییەتی هەولێر لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیانە، هەر شوێنێک پابەند نەبێ بە مەرج و ڕێنماییەکان ڕێکاری یاسایی بەرامبەر خاوەنەکانیان دەکرێت جگە لە داخستنی شوێنەکانیان دواتر سزای پێبڕاردن لە ملیۆنێک دینار دەست پێدەکات تا پێنج ملیۆن.

# هەشتەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە سنە کۆتایی هات

## بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بریکاری وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆبوونەوە





## د.سالار عوسمان: کتێب جیاوازییەکان کۆدەکاتەوە

ڕۆژانی 2تا 8ی ئۆکتۆبەر ، لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەشتەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب بەڕێوەچوو. وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی هەر چوار بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر ، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە و بە چەندین ناونیشانی کتێب بەشداری لەو پێشانگایە کرد.



لە دەسپێکی ڕێوڕەسمی کردنەوەی پێشانگاکەدا، د. سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتەیەکدا، تیشکی خستە سەر بابەتگەلی پەیوەندیی، کلتوور، کتێب، ژیانی ئاشتییانەی گەلان و ڕۆڵ و بایەخی کتێب لەو نێوندەدا و سوپاسی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشی کرد، تایبەت بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرهەنگ و ئیرشادی پارێزگای کوردستان / سنە ، کە سێیەم ساڵە دەرگا بەڕووی ئەو پەیوەندییە کلتووریانەدا بەیەکەوە هەیە و لێک جیا نابنەوە.

دوای تەواوبوونی مەراسیمی وتار، کە لە نێویاندا بریکاری وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی کۆماری ئیسلامی ئێران خانم د لادن حەیدەری و نووسەری بەناوبانگ مستەفا مەلەکییان وتاریان پێشکەیش کرد، ڕێزلێنان پێشکەشی کۆمەڵێک لێکۆڵەر و نووسەر و هونەرمەند کرا.

پاشان د. سالار عوسمان، هاوڕێ لەگەڵ بریکاری وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی کۆماری ئیسلامی ئێران و یاریدەدەری پارێزگاری سنە و بەرپرسی نمایشگای کتێب لە ئێران و بەڕێوەبەری گشتی فەرهەنگ و ئیرشادی سنە شریتی پێشانگاکەی بڕی و دواتر بەشە جیاجیاکانی پێشانگاکەیان بەسەرکردەوە و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بەشداربووان خواست.

بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بریکاری وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆبوونەوە دەکاتەوە.

بریکاری وەزارەت ، کە سەرۆکایەتی شاندی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکرد، بەشداریی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێویست زانی و جەختیشی لەو ڕاستییە میژوویییە ڕۆشنە کردەوە، کە شاری سنە و تەواوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو ئەو پەیوەندییە کلتووریانەیش کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە، ڕەگوڕیشەیەکی میژوویی و فەرهەنگی و جۆاکی قوڵیان هەیە.

هەر هەمان ڕۆژ ، د. سالار عوسمان لەگەڵ خانم حەیدەری بریکاری وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆبوونەوە و لە دیدارێکدا باس لە پەیوەندییە کلتووریییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران کرا و هەردوولا جەختیان لەسەر قوواڵترکردنەوەی پەیوەندییە کلتووریییەکان کردەوە.

لە ڕۆژانی مانەوەیاندا و بە یاوەری شاندی وەزارەت، سەردانی هەریەک لە خاتوو سیمین چایەچی شاعیر و نووسەر ، خانەوادەی هونەرمەندی بەنێوبانگ عەباسی کەمەندی ، کتێبخانەی قوتابخانەی نمونەیی ئەبرار ، مەزاری هونەرمەندی مەزن سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و گۆڕەپانی ناودارانی کوردی کرد.

لە درێژەی چالاکییەکاندا، د سالار عوسمان بە پێشکەشکردنی بابەتێک بەشداری لە کۆڕیادی پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ کرد و لەو کۆڕیادەدا تیشکی خستە سەر چەند لایەنێکی گرنگی ژیانی زانستی و کلتووری و سیاسیی پرۆفیسۆری خوالێخۆشبوو و جەخیشی لەو ڕاستییە کردەوە، کە پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ ئینسکلۆپیدیایەکی مەزن و فراوانە و کورد دەبێ شانازیی پێوە بکات .

هەر لەو سەردانەدا، کە شەش ڕۆژی خایاند، شاندەکە بەشداریان لە چەندین پانێڵ و سیمینار کرد و چاویان بە چەندین زانا و لێکۆڵەر و نووسەر و شاعیر و هونەرمەند و و ئەکادیمیستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کەوت و هیوای سەرکەوتن و بەخشش و پەیوەندیی بەردەوام و بەیەکەوەکارکردنیان بۆ خواست.

شایانی باسە شاندەکەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بە فەرمی داوەتکراببوون، لەم بەڕێزانە پێکهاتبوون لە (د.سالار عوسمان، مەهدی بێداوی، سمکۆ محمد، ڕێدار سابیر، ئەیوب ڕۆستەم، نەهرۆ هەینی، عەتا مەحمود کەریم، سەلام عەلی، ئەیاد نەقیب، شێروان فاروق، هۆشیار عوسمان و جەلال ئەحمەد).

# دوای ئەوەی قەیرانی دارایی نەما چەندین پڕۆژە دەست پێ دەکەنەوە

**ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی**

بەگوتەی ئەندازیار نزار حەمەد سمایل بۆ ڕۆژنامەی خەبات بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی هەولێر بەپێی یاسای ژمارە 143ی ساڵی 1976حکوومەتی عێراق دامەزراوەو بوو دواتر بەپێی یاسای ژمارەی 65ی ساڵی 1987ی حکوومەتی عێراقی دووبارە ڕێکخراوەتەوە و پاشان بەفەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەژمارە 145لەڕۆژی 18/1ی ساڵی 2000کە پشتی بەبڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ژمارە 19لەڕۆژی 4/11ی ساڵی 1999دەبەست تاقیگەی بیناسازی و هەموو میلاک و کەلوپەل و ئامێرەکانی لە وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن بە پێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لکێنراوە.

### لە تاقیگەی بیناسازی هەموو جۆرە پشکنینێک دەکرێت

دەربارەی ئیش و کارەکانی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی هەولێر بەڕێوەبەری تاقیگەی بیناسازی هەولێر ڕایگەیاند: ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لەسنوری پارێزگای هەولێر خزمەتەکانی خۆی پێشکەش بەدام و دەزگاکان و کۆمپانیاکان دەکات، هەروەها لقێکیشمان لە سۆران هەیە و تایبەتە بە ڕایەکردنی کارو پڕۆژەکانی قەزای سۆران و مێرگەسۆرو چۆمان و هەموو شارەدێیەکان لەخۆ دەگرێت، جگە لەوەش بنکەیەکیشمان لە خاڵی سنووری دەروازەی حاجی ئۆمەران هەیە بۆ پشکنین و کۆنترۆڵکردنی سەرجەم ئەو مەوادو کەل وپەلە بیناسازیانەی کە دێنە کوردستان ولەو بنکەیەدا ئەندازیاری پسپۆڕو کارمەندی شارەزامان لێ داناوە لەگەڵ دانانی ئامێری زۆر پێشکەوتوو لەو خاڵە سنوریە لەڕۆژی 29/3/2017لەپاش هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە توانیمان ئەو بنکەیە لەخاڵی سنوری حاجی ئۆمەران دانرا لەو کاتەوە تا ئێستا کۆنترۆڵی هەمو ئەو کەل و پەلانە دەکات کە مەوادی بیناسازی دەهێننە کوردستان و لەو بنکەیەدا چاوپۆشی لە هیچ کەل و پەلێکی نێکسپایەرو کوالیتی نزم ناکرێت و داخیلی کوردستان ناکرێت و لەوەتەی ئەو بنکەیە دامەزراوە هەزاران تەن کەل و پەل گەڕێنراوەتەوە ئێران وەکو شیش و چیمەنتۆو کاشی و.. هتد. ئەو بنکەیە لەپێناو هێنانی باشترین مەوادی بیناسازی کوالیتی بەرزو ستاندارد دامەزراوە و لەبوارەکانی دیکەیش پشکنینی خۆیان هەیەو دانانی ئەو بنکەیە دەسکەوتێکی گەورەیەو سوودێکی یەکجار زۆری بەخەڵکی کوردستان گەیاندووە تا کەل و پەلی کوالیتی نزم نەیەتە ناو کوردستان دواتر بەڕێوەبەری تاقیگەی بینا سازی هەولێر دەربارەی پڕۆژەکانی ساڵانی 2011و 2012 ئەنجامدانی پڕۆژەکان تا ناوەڕاستی ساڵی 2013 لەلوتکە بوون و ژمارەی پڕۆژەکان گەلێ زۆربوو ئەو کات لەماوەی یەک ساڵدا 600هەزار پشکنینمان کردووە، بەڵام لەساڵی 2014دوای شەڕی داعش و قەیرانی دارایی ورد ورد پشکنینەکان ڕووبان لەکەمی کرد و پڕۆژەکان وەستان لەساڵی 2013وە ساڵانە نزیکەی 4- 5 هەزار ڕاپۆرتمان هەبووە لەگەڵ 110- 120هەزار پشکنینمان هەبووە بۆ هەرسالێکی داهاتی سالانەمان بریتی بوو لە یەک ملیار تا ملیارێک و 200 ملیۆن دینارببوە

### لە ئێستادا چەندین پڕۆژە دەست پێدەکەنەوە

دواتر دەربارەی دەست پێ کردنەوەی پڕۆژەکان ئەندازیار نزار حەمەد سمایل گوتی: لە ئێستادا خەریکە قەیرانی دارایی بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت چەندین پڕۆژە دەستیان پێ کردۆتەوەو مایەی خۆشبەختییە کە ئەو پارەیەی بۆئەو پڕۆژانەی کە لەم دواییەدا تەرخانکرا پارێزگای هەولێریش پشکێک لەو پارەیەی بەرکەوت و بریتیە لە 10ملیار دینارە بەتەواوی تاقیگەی بیناسازی هەولێر بەهەموو لقەکان و بنکەکان و تاقیگە کێڵگەییەکانەوە ئامادەکاری تەواومان کردووە بۆ پێشوازی کردن لەو پشکنینانە ئەگەرچی پێشتر چوار هێندە دەمانتوانی پشکنین بکەین هەر هەمان کاتێک ئامادەی هەموو جۆرە پشکنینێکین و پێشتریش جەنجاڵی زیاترمان لەسەر هەبوو کارەکانی پشکنین هەر بەردەوام بووە پشکنینەکان زۆرن سەرەتا پشکنینی خاک دەکەین بەرلەوەی پڕۆژەکان دەست پێ بکات ئەو پشکنینی خاک و هەڵکەندنی پێ دەڵێن پاشان ئەگەر پڕۆژەکان ڕێگەوبان بوو ئەوا پشکنینی تایبەت بە ڕێگاوبان بە پێی مواسەفاتی عێراقی و ئەمەریکی و بەریتانی ئێمە ئەنجامی دەدەین دوای ئەوەی کەزانیمان گونجاوە چین لەدوای چین کاری پشکنینی بۆ ئەنجام دەدرێت هەتا دەگاتە چینی ئەسفەڵت و دواتریاسی پشکنینی باڵەخانەش بەهەمان شێوە کاری بۆ دەکرێت و هەر لایەنێک ئەگەر حەز بکات ئەوا ئێمە ئامادەین پشکنینی بۆ بکەین لێرەوە حەزدەکەم و داوا لە دەستەی وەبەرهێنان دەکەم کە ئەوانیش وا لە وەبەرهێنەران بکەن تا ڕوو لە تاقیگەی بیناسازی بکەن بۆ پشکنین و لەسنوری شاری هەولێردا پڕۆژەیەکی زۆری وبە هێنان هەیە بەداخەوە لە ڕووی پشکنینەوە هەندێک کەمتەرخەمن ونوسراومان بۆ کردوون بۆ وەبەرهێنان و زۆر حەزدەکەین ئەوانیش بە تەواوی ڕوو لە پشکنین بکەن و بکەونە ژێر تاقیگە حکومیەکان و لێرەوە هانیان دەدەین و دەست خۆشیان لێ دەکەین ئەگەر بتوانن هەموو پشکنینەکانیان بهێنن تاقیگەی بیناسازی و بەپێی نامیلکەی وەرگرتنی نموونە پشکنین ئەنجام بدەن لێرە بە تەنها ئەنجامدانی پشکنین کرنگ نییە کوالیتی بەرزو کارو پڕۆژەی جوان و تۆندو تۆڵ گرنگە و هەموو تاقیگەکانمان بڕوانامەی ئایزۆیان هەیەو لینکی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ زانکۆکانی جیهان هەیە لەبواری قیرتاو کردن و ڕێگەوبان لینکی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ زانکۆیەکی ئەمەریکی هەیەو ڕاستەوخۆ پشکنینەکانمان بۆ ئەوێ ڕەوانە دەکین جگەاەو پشکنینانە جۆرە پشکنینێکمان هەیەو پێی دەگوترێ پشکنینی پیتی ئەو جۆرەشیان گرنگە و لەگەڵ ئاشتۆش کاری وامان هەیە و پیتیمان هەیە و ئەوان نمونە لە ئەمریکاوە بۆ ئێمە ڕەوانە دەکەن ئاشتۆ ڕێکخراوێکی بەناو بانگی ئەمەریکایە کاری لەدونیا دانانی مواسەفاتە لە هەموو جیهان هەموو جۆرەکانی پشکنین لەخۆ دەگرێت و پشکنینەکانمان بەتایبەتی ڕێگاوبان و زۆر جێگەی متمانەن لە جیهان ئەوان مەوادێک ئامادە دەکەن و بۆ ئێمەی ڕەوانە دەکەن هەربۆ ئێمە نا بەڵکو بۆ تاقیگایانەی کە بەشداریان کردووە لەسەتاسەری جیهان چەندین تاقیگە بەشداری دەکات تا بزانرێ پشکنینەکانی جێی متمانەیە.




## بەڕێوەبەری تاقیگەی بیناسازی هەولێر:

# داهاتی ساڵانەمان بریتی بووە لە یەک ملیار تا ملیارێک و 200 ملیۆن دینار

www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/10/10 ژمارە (5846)
خەبات

# کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان و نیگەرانیەکانی ناوخۆ و جیهان




کاروان محەمەد سینۆ

ڕۆژی دووشەمە 7/10/2019 هێزەکانی ئەمریکا لەسەر سنووری نێوان سوریاو تورکیا کشانەوە، ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەوا هەردوو پێگەی سەربازی (گرێ سپی)و (سەرێ کانیێ) لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فوراتیان چۆل کرد. لەم ڕووەوە لە هەمان کاتدا ڕەجەب تەیب ئەردوگان سەرۆکی تورکیا ڕایگەیاند کە هێزە ئەمریکییەکان لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا کشاونەتەوە پاش پەیوەندییەکی تەلەفۆنی نێوان خۆی (ئەردۆگان)و دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمریکا.

## تورکیا بەنیازە هێرش بکاتە سەر ڕۆژاڤای کوردستان

ڕۆژی 2019/10/7(ترامپ) کتوپڕ بڕیاریدا هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژاڤای کوردستان (سەر سنووری تورکیا) بکێشێتەوە کە بڕیاربوو ناوچەی ئارام تێدا دروست بکرێت و هاوبەش لەگەڵ سوپای تورکیا ئیدارەی بدەن.کشانەوەی ترامپ ڕێخۆشکەرە کە تورکیا هەڕەشەکانی خۆی جێبەجێ بکات و هێرش بکاتە ڕۆژاڤای کوردستان و بە خواستی خۆی پشتێنێکی ئەمنی بۆخۆی تێدا دروست بکات و هەرچی ئاوارەی سوریاهەیە بگوازێتە ئەو دەڤەرە و دیموگرافای ناوچەکە دژ بە کورد بگۆڕێت. بەم شێوەویە ترامپ پشتی کرد لە پاڵپشتی خۆی بۆ کوردانی ڕۆژئاڤا و شەڕڤانانی YPGA کە چەندین ساڵە بەیەکەوە دژی داعش شەڕدەکەن.






دۆنالد ترامپ بە کشانەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە لەلای خۆیەوە خاتوو (نانسی پیلوسی) سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، هێرشێکی تووندی کردۆتە سەر دۆنالد ترامپ. لە بەیاننامەیەکدا ڕۆژی 7/10/ 2019 پیلوسی ڕایگەیاند: "بڕیاری سەرۆک ترامپ بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە باکووری سوریا، پێشینەیەکی ترسناکە و بڕیتییە لە خیانەت لە کورد هاوپەیمانەکانمان، ئەوانەی شەریکی سەرەکیمان بوون لە تێکشکاندنی (داعش)، وێرای هەرشتێکی کە سەرۆک ترامپ دەیلێت، هێشتا (داعش) وەکو هەڕەشەیەکی جیدی ماوەتەوە"، لە دڕێژەی گوتەکانیدا پیلوسی گوتی: "جارێکی دیکە سەرۆک ترامپ پشتی لە کوردە هاوپەیمانەکانی کردەوە". پیلوسی جەختی لەوە کردەوە کە "ئەم بڕیارەی ترامپ (کشانەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان) هەڕەشەیەکی ترسناکە لەسەر هێمنی و ئارامی ئەقلیمی، هەوەها نامەیەکی کراوەیە بۆ ئیران و ڕوسیا و هاوپەیمانەکانمان کە چیدی ئەمریکا هاوپەیمانێکی باوەڕپێکراو نییە". لە کۆتایی قسەکانی (نانسی پیلوسی) سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا هێڕشی کردە سەر دۆنالد ترامپ و گوتی: "ئەم بڕیارە هەڵەو سەرەڕۆیە، هەوڵە سەربازییەکانی ئێمە و هاوپەیمانەکان ئیفلیج دەکات بۆ کۆتاپێ هێنانی زوڵمی (داعش)و پێویستە سەرۆک ترامپ لەم بڕیارەی پاشگەز ببێتەوە".

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، هەریەکە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا و فەڕەنسا لە تورکیایان خواستووە کە دووڕکەونەوە لە ئاژاوە و پشێوی لە دەڤەرەکە.

لەهەمان ڕۆژی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان 2019/10/7 لەسەردانێکیدا بۆ هەرێمی کوردستان، سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕوسیا سەردانی سەرۆک بارزانی وەکو مەرجەعی کورد نیگەرانی خۆی ڕاگەیاندووە بە بارودۆخی ئێستای دەڤەرەکەو لە هەوڵ و کۆششدایە بۆ چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکانی دەڤەرەکە و لە هەر 2019 سەرۆک بارزانی لە تویتێکدا ڕایگەیاند کە بەڕێزیان لە پەیوەندیدایە لەگەڵ ڕۆژلایەن، بۆئەوەی خوشکو براکانمان لە ڕۆژئاوا تۆشی کارەسات نەبن. بێشک سەرۆک بارزانی لە کاتی سەردانەکەیدا ڕایگەیاند کە ئەوا بە هەردوو پێگەی سەربازی (گرێ سپی)و (سەرێ کانیێ) لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فوراتیان چۆل کرد. لەم ڕووەوە لە هەمان کاتدا ڕەجەب تەیب ئەردوگان سەرۆکی تورکیا ڕایگەیاند کە هێزە ئەمریکییەکان لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا کشاونەتەوە پاش پەیوەندییەکی تەلەفۆنی نێوان خۆی (ئەردۆگان)و دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمریکا.

هەروەها لە دڕێژەی ڕاگەیاندنەکەیدا (ئەردۆگان) گوتی:"دانوستانمان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا بەردەوام دەبێت دەربارەی ئەم بارودۆخە". هەروەها (ئەردۆگان) خستیەڕوو کە ئەو بە نیازە مانگی داهاتوو (تشرینی دووەم) سەردانی واشنگتۆن بکات و لەگەڵ دۆنالد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا کۆببێتەوە. لەدڕێژەی گوتەکانی (ئەردۆغان) ڕایگەیاند کە لەماوی چەند ڕۆژی داهاتوودا هێرش دەکاتە ڕۆژهەڵاتی فورات کە لەژێر دەسەڵاتی YPG دایە. (ئەردۆغان) هێزەکانی YPGبە تیرۆرست و سێبەری PKK لەقەڵەم داون و دەخوازێ دەڤەرەکانی ژێردەسەڵاتی ئەوان داگیر بکات.

شایانی باسە پلانی تورکیا بریتییە لە فەراهەمکردنی دەڤەرێکی ئارام (پشتێنی ئەمنی) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا بە قوڵای 30کم و دڕێژایی 500کم، لە سنووری عێراقەوە تاکو دەگاتە ڕووباری فورات لە ناو خاکی تورکیادا و دەخوازێ هەرچی ئاوارەی سووریە لە تورکیا، بە کورد و عەرەب و خریستیان و شیعە و سوننە، بهێنێتە ئەم دەڤەرە و نیشتەجێیان بکات. بێگومان ئەمە دەبێتە ئەگەری گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە و سنووردارکردنی کورد لەو دەڤەرەدا و تەعریب و تەتریکێکی دیکە لە دەڤەرە کوردییەکانی دەستپێدەکاتەوە و گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان گۆشەگیر دەبێت و توشی ئازار و مەینەتی و داگیرکردنی خاک و ملک و مالّ دەبێت. ئەم هەڵوێستە ئەمریکا و تورکیا بێزاری و نیگەرانی ڕایگشتی نێودەوڵەتی و خودی کۆنگرێسی ئەمرکای لێکەوتەوە.

بڕیارەکەی ترامپ بە کشانەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان، دووچاری ڕەخنەی دەرەکی و ناوخۆی ئەمریکا بۆتەوە و هەموولایەک هاوڕان کە کشانەی ئەمریکا دەبێتە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی (داعش) لە دەڤەرەکەدا و ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا "خەنجەرێکە لە پشتی هاوپەیمانەکانی دەدرێ" و "لەکەیەکی ڕەشە بەنیوچەوانی ئەمریکاوە".

لەم ڕووەوە سەرۆکی زۆرینەی (کۆمارییەکان) لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا (میتش میکۆنێڵ) لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیان: "کشانەوەی لەناکاوی ئەمریکا لە باکوری سوریا لە بەرژەوەندی ڕوسیا و ئیران و ڕژێمی (ئەسەد)دایە، هەروەها دەبێتە ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی (داعش) و گروپەکانی دیکەی تووندڕۆ".

هەروەها سیناتۆری ئەمریکا (لیندسی گراهام) کە زۆر نزیکە لە خودی دۆنالد ترامپ، هەڵوێستەکەی دۆنالد ترامپی بە (کارەسات) ناوزەد کرد و گوتی:"پشتکردن لە کورد دەبێتە لەکەیەکی بێعاری لە نیوچەوانی ئەمریکا"، گراهام هەڕەشەی کرد کە ئەو پڕۆژە یاساییێک پێشکەش بە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا دەکات بۆ ئەوەی سەرۆک ترامپ ناچار بکات لە بڕیاری کشانەوەی خۆی پاشگەز ببێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە سیناتۆری ویلایەتی فلۆریدا (مارکۆ ڕۆبیۆ) بڕیارەکەی دۆنالد ترامپی بەوە وەسف کرد کە "هەڵەیەکی گەورەیەو کاریگەری وای دەبێت کە سنوری سوریا تێپەڕ بکات".

هەروەها (نیکی هایلی) باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئێستا کەسایەتییەکی بەرچاوی حزبی جمهوریيە، ڕایگەیاند: "پێویستە سەرۆک ترامپ لە بنەمایەکی ئاسایی پەیوەندییەکان ئاگادار بکرێتەوە (پێویستە پاڵپشتی هاوپەیمانەکانمان بکەین، ئەگەر بمانەوێ ئەوان پاڵپشتی ئێمە بکەن)... کوردەکان لەسوریادا ڕۆلێکی کاریگەریان هەبوو لە جەنگی ئێمە دژی (داعش) و بەپێیە سەرکەوتنمان بەدەست هێنا، بۆیە پشت تێکردنی ئەوان بەم شێوەیە هەڵەیەکی گەورەیە".

پنتاگۆنی ئەمریکاش لە بەیاننامەیەکدا دووپاتی کردەوە کە ئەوان پاڵپشتی هێرشەکەی تورکیا ناکەن لە باکوری سوریا و بەروونی ئەوەیان خستەڕوو کە (وەزارەتی بەرگری ئەمریکا و سەرۆک ترامپ پشتگیری هێرشەکەی تورکیا ناکەن لەسەر باکوری سوریا).

لە ئەگەری هەڵوێستەکەی بڵێند، لەدیدارەکەدا سەرۆک بارزانی نیگەرانی خۆی دەربارەی لە ئایندەی گەلی کورد لە سوریا، لەم ڕووەوە سەرۆک بارزانی بە وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕاگەیاند و داوای لێ کرد کە ڕووسیا ڕۆڵی خۆی ببینێت بۆ ڕێگەگرتن لە ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد لە سوریا.

هەروەها ڕۆژی سێشەمە 8/10/ جیاوازتر و باشتر ئیدارەدانی مەلەفی کوردییان داوە، بۆ نموونە، لە دووای ڕووخان و لەناو بردنی حکومەتی بەعس، ئەیاد عەلاوی، عادل عەبدولمەهدی بەراوردی ئەوانیتر بکەین، لەوانیتر باشتر دەردەچین. بەتایبەت حکوومەتی ئێستا عادل عەبدول مەهدی کە تاڕادەیەک لەوانی پێشوو باشتر بووە.

عادل عبدولمەهدی لەکاتێکدا پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراقی وەرگرت، مالیکی و عەبادی وێرای داگیرکردنی کەرکوک، بە ئاشکرا لولەی ئابرامزیان لە هەولێرکربوو، دەیانویست هەولێریش بە زەبری هێز داگیر بکەن، ئەو پیاوە (عادل عەبدولمەهدی) بە پێچەوانەی مالیکی و عەبادی جوڵایە وپەیوەندی هەولێرو بەغدای تارادەیەک زۆر باش بووە، بۆ کوردیش لە قۆناغی دووایی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم زۆر باشبوو. مالیکی پێش ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم، عەبادیش دووای ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم، هەردووکیان (هاوشێوە و بیرکردنەوەی سەدام) هەوڵی ئەوەیان دەدا، کورد وەک میللەتێکی عێراقی و کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی لە ڕەگوڕیشە دەربێنن. کەچی ئەو (عادل عەبدولمەهدی) مامەڵەی لەگەڵ هەولێردا دەکات وەک ناوەندێکی سیاسیی فیدراڵی، بەحەقیقەت کوردیش دەیەوێت کێشەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات.

تێروانینم بریتینییە لەوەی بڵێم، عادل عەبدولمەهدی لەچاو ئەوانی پێشوو، فریشتەیە و بۆ کورد باشە، ئەگەرچی تاکو ئێستا هەموو کێشەکانی چارەسەر نەکردووە و هەندێک جاریش چاوپۆشی لە هەندێک پێشێلی کردووە وەکو تەعریبی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ئیفلیج کردنی دەستووری عێراق (ماددەی 140).

ئەمڕۆ یان سبەی ئەو دۆخەی ئێستا لە بەغداو دەوروبەری دروستکرایە، وەکو گوشارێک بۆ سەر عادل عەبدولمەهدی، تا دەستەکار بکێشێتەوە، کەپ دەکرێتەوە بارودۆخی ئەو ناوچانە ئاسایی دەکرێتەوە. ئەگەر بپرسین بۆ و لەبەرچی، ئەو وەڵامەمان دەستدەکەوێت، کە عەبدولمەهدی کەسێکی میانڕۆ و گونجاوە لەلایەن وڵاتانی زلهێز و نێوەندە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەم قۆناغەی عێراق. پێموایە زۆر زەحمەتە لە ڕێگەی خۆپیشاندەرانەوە شۆڕشی عادل عەبدولمەهدی لەق بکرێ. هەروەها لادان و خستنی عادل عەبدول مەهدی لەبەرژەوەندی کەسدا نییە بەڵکو دۆخی عێراق لە ئالوزییەوە ڕووەو قەیران و پشێوی ئاراستە دەبێت، هەروەها ئەگەر و گەنتی چارەسەری کێشەکانی هەولێر و بەغدا نامێنێت، چونکە هێشتا ڕوون نییە کە کێ ئەو فەوزایەی عێراق ئاراستە دەکات و ڕەنگە دیسان هەمان سیاسەتی مالیکی عەبادی پیادە بکرێتەوە.



ڕێکەوت شێخانی

# لەوانی دیکە جیاوازترە




## وێنەکێش و خۆشنووس (خالید زامدار)، لە ساڵیادی رووداوی تیرۆری دژی بارزانی لەسەر دیوارە موبارەکەکەی شار نووسیبووی:

# پەستم.. پەستم.. وەک سەعات 5ی ئێوارەی 29/9/1971 پەستم

زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

زۆر هەن وەک سەربازی گومناو هەمیشە لە خەمی نەتەوەکەیاندا کار دەکەن و تێدەکۆشن کە تەنیا ئاماجیان سەرخستی نەتەوەکەیانە بەرەو مەنزلگەی سەرفرازی و گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانیان، بەردەوام لە خەمی قوڵی خەڵکیدان، ئەگەر دەسەلاتیشیان نەبێت ئەوا ئازار و خەم دەچێژن و فرمێسک دەڕێژن. یەکێک لەو سەربازە گومناوانەی کە تا ئێستا لە کونجێکی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەیەکدا باسی لێوە نەکراوە ئەویش هونەرمەندی بەئەزموون و دەستڕەنگین و خەمخۆر و پەرۆشی گەل و نیشتمان "خالید حەمەئەمین"ە، کە ناسراوە بە (خالید زامدار).



لە ساڵی 1945 لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لەدایکبووە و تا قۆناغی سێی ناوەندی خوێندووە، هەر لە منداڵییەوە لای خاڵەکانی بووە، خولیای وێنەکێشان و خۆشنووسی بووە تا 1968 بۆ یەکەمجار لە گەڕەکی ئیسکان لە نزیک گەرماوی زانکۆی ئێستا، دوکانێکی داناوە بۆ خۆشنووسی، بە فلچە و دەست و پەنجە ڕەنگینەکانی زۆر نووسینی جوان و دانسقە و پەندی پێشینان و وێنە و تابلۆی بەنرخ و سەرنجراکێشی نەخشاندووە و داهێنانی نوێی ئەنجام داوە. (زامدار) هەمیشە خۆشەویستی ناو هاوڕێکانی و خەڵکی شاری سلێمانی بووە، مرۆڤێکی زۆر نەتەوەیی و کوردپەروەر بووە و نەتەوەکەی و خاک و نیشتمانەکەی زۆر خۆش ویستووە، هەر بۆیەشە لە ساڵی 1974 شانبەشانی برا پێشمەرگەکانی بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول دەکات لە شارۆچکەی پێنجوێن. لە بارەگای هێزی (خەبات) لە ئینحیسارەکەی پێنجوێن لەگەڵ شەهیدی فەرماندە فەتاح ئاغا دەبێت، هەم پێشمەرگە و هەم هونەرمەندێکی دەست ڕەنگینیش بووە و لە بارەگای هێزی خەبات چەند جارێک پێشانگای وێنە و نووسین و پەند و هۆنراوە و دروشمی کوردایەتی کردۆتەوە و نمایش کردووە بۆ پێشمەرگەکان و جەماوەری ناوچەکە، کە هەموو تابلۆکانی و وێنەکانی گوزارشت بوون لە شۆڕش و بەرخودان و شەهیدو پێشمەرگایەتی و مەزڵوومییەتی گەلی کوردو بەهێزکردنی هەستی کوردایەتی و نەتەوەیی و سرووشتی جوانی کوردستان.

(خالید زامدار) دوای نسکۆی شۆڕش لە 1975 گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و لە گەڕەکی سابوونکەران دوکانێکی خنجیلانەی داناوە و بەرامبەر بە دوکانەکەی دیوارێکی ئامادە کردبوو، کە خەڵکی شار ناویان لێنابوو (دیوارە موبارەکەکەی شار)، بە هەمان نەفەسی ڕۆژانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی هەفتەی دووجار پەند و قسەی پێشینان و هۆنراوەی نەتەوەیی و کوردپەروەری لە دژی داگیرکەران دەنووسی، کە دوکانەکەی ببووە قوتابخانەیەک بۆ کوردپەروەران و نەتەوەخوازان، خەڵکی ئەم شارە بەگشتی و ئەو گەڕەکە بەتایبەتی زۆریان خۆشویستووە، چەندین جار لەسەر هەڵوێستێکی توندی نەتەوەییانە و توڕەبوونێکی بێ ئەندازە لەسەر دیوارێکی گەورە بە درێژایی چەند مەترێک لە بەرامبەر دوکانەکەی لە سەرەتای شەقامی سابوونکەران و لای بەردەرکی سەرای سلێمانی بە گەورەیی نووسیبووی: "پەستم پەستم وەک سەعات 5ی ئێوارەی 29/9/1971 پەستم". وەک ناڕەزایی دەربڕینێک لە دژی دەسەلاتدارانی ئەو سەردەمەی حکوومەتی عێراق و پشتگیری کردنی بارزانی بوو، وەک دەگێڕنەوە زۆر هۆگری نەتەوەی کورد و مستەفا بارزانی بووە و چەند جارێکیش بارزانی بینیوە. ئەو دێڕە نووسینە کۆپلەیەک بووە لە شیعری شاعیری ناسراو مامۆستا شێرکۆ بێکەس، کە ئەویش هەروەک ناڕەزایی دەربڕینێک لە کاتی بڵاوبونەوەی هەواڵی هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی لەلایەن چەند مەلایەکەوە کە لەلایەن مامۆستا شێرکۆ بێکەس بە شیعرێکی چەند کۆپلەییەوە دڵگرانی و خۆشەویستیی خۆی دەربڕیوە.

جگە لەوەش دەڵێن خالید زامدار، هەمیشە گریان هاوڕێی بووە و بۆ ژێردەستەیی و مەزڵوومییەتی گەلی کورد و داماوی و کەڵۆڵی خەڵکی هەژار گریاوە و بەردەوام لە ناخەوە خەم و ئازاری کێشاوە. تا دواجار لەمانگی تەموزی ساڵی 1987 بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی سەیوان بەخاک سپێردراوە.

جارێکیان خالید زامدار تابلۆیەکی گرنگ و بەنرخ دەنەخشێنێت کە وێنەی پێشمەگە و چەند ئێسکێک لەگەڵ تفەنگێک لە سەنگەرەکەیدا و جامانەیەکی خوێناوی تێیدا بوو، کە منداڵێک بەرەو سەنگەرەکە دەڕوات و دەڵێت:

**بابە، مادام خوێنت ڕژایە سەر سەنگەری ناموس**
**بووی بە مۆمێک کە بسوتێیت**
**بۆ ڕێی چارەنووس**
**بۆ ئەو ڕێگایەی کە کاروانی شەهیدی ئاوات**
**مژدەی ڕۆژی سەرفرازی بەم کوردە بدات**

کە ئەمە گۆرانییەکی ڕەفیق چالاک بوو، بەڵام زامدار کردبوویە ئەو تابلۆ بەنرخە و ئەمەی لەسەر نووسیبوو. زامدار کورێکی هەیە کە لە خۆشەویستی هونەر ناوی لێناوە (هونەر)، زۆربەی تابلۆکانیشی لەو کاتەدا دەبرانە دەرەوەی وڵات، ئەویش لەبەر بەنرخی و گرنگی و ئاست بەرزی بووە. لەو ساڵانەیشدا زۆربەی تابلۆ و نووسینی سەر دوکانەکان و وێنەکان و تابلۆ ڕەنگاوڕەنگەکانی ناو مااڵن بە دەست و قەڵەم و فلچەی زامدار نەخشێنراون و تائیستایش زۆربەیان ماون بەسەر دوکانەکانی بازاڕەوە. ئێستاش وەک ڕێز و خۆشەویستی و وەفایەک بۆ زامدار دوکانەکەی لەسەر گۆشەی شەقامی سابوونکەران ماوە بە هەمان شێوە و ناوی جاران کە نووسراوە (خۆشنووسیی زامدار). خۆشنووس (جەبار محەمەد) دانیشتووە، بەناوی (هیوا)وە نووسراوە:"دیوارە موبارەکەکەی شار تانەی سەر گلێنەی ڕژێم کۆڕێک بۆ باس و خواس لەسەر ئەدەب و کولتوور، کۆگەی خەڵکی نیشتمانپەروەر و هونەر و ئەدەب دۆستان ئەوەش خۆشنووس و نیگارکێشی خوالێخۆشبوو (زامدار)ی هەست ناسک".

هونەرمەند مامۆستا ئەحمەد سالار، هاوڕێی نزیکی خالید زامدار، سەبارەت بەم هونەرمەندە بۆمان دوا و گوتی: لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانەوە بەم هونەرمەندە ئاشنابووم، ئەو وەکو پیشە سەرقاڵی کاری هونەری خۆشنووسی بوو، دواتر پەرەی بەو کارەی دا و تێکەڵ بە هونەرمەندانی دیکەی وەک (جەمال بەختیار) و ئەوانی تر، کاری باش و سەرکەوتووتری ئەنجامدا.

خالید زامدار کوردێکی پاک و پوخت و بێگەرد بوو، هەستی نەتەوەیی زۆر بەهێز بوو، بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کرد و وەکو هونەرمەندێک لەناو هونەرمەندانی شۆڕشدا ڕۆڵی خۆی بینیوە. چەند جار پێشانگەی لەناو شۆڕشدا کردۆتەوە کە گوزارشتی لە شۆڕش و بەرخودان و قارەمانێتی پێشمەرگە دەکرد، وێنەی کەسایەتییەکان و بارزانیی نەمریشی کێشا بوو، چونکە بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی زۆر خۆشدەویست و هاوکاریشی کردبوون، بەڵام لە دواییدا کە شۆڕش دوچاری نسکۆ بوو، بەهۆی درندەیی ڕژێمی ئەو سەردەمەوە ئەو تابلۆیانە دیارنەما، ئەو هەمیشە خۆشەویستیی خۆی بۆ بارزانیی نەمر دووپات دەکردەوە و زۆر دڵسۆزی نەتەوەکەی بوو، بۆیە هەموو کەسێکی دڵسۆزی لا بەنرخ و خۆشەویست بوو. هەر بۆیەشە لە نووسینەکانیدا و لە تابلۆکانیدا خەڵکی مەزڵووم و کەڵۆڵ و هەژاری نمایش دەکرد، معاناتی نەتەوەی کوردی پێشاندەدا بەدەست ئەو ڕژێمانەی کوردیان داگیرکردووە، جگە لە لایەنی سیاسی لە تابلۆکانیدا زۆر گرنگی بە سروشتی ڕەنگینی کوردستان دەدا و دیمەنی گوند و چیا سەرکەشەکان و دەشت و دەری کوردستان لایەنێکی سەرەکی تابلۆکانی بوو.

مامۆستا ئەحمەد سالار لە درێژەی قسەکانیدا بۆمان، باسی لە نووسینەکانی لەسەر دیوار بۆ کردین و گوتی: لەو سالانەی دواتریشدا دیوارێک بەرامبەر دوکانەکەی بوو کە بۆ خالید زامدار شوێنێکی زۆر باش بوو تا بەرهەمی نووسینی خۆی تێدا نمایش بکات و کارە هونەرییەکانیشی تێدا ئەنجام بدات کە وەک تەختەڕەش وابوو، جاری وا هەبوو نووسینەکەی بۆ چەند ڕۆژ دەمایەوە، لەو سەردەمەدا داهێنانێکی هێنابووە ئاراوە کە دیوارەکە جۆرێک بوو لە (ڕۆژنامەی دیواربەندی)، کە ڕۆژانە دروشمی سیاسی و کوردایەتی و شیعری شاعیران و پەندی پێشینان و ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەرهەمی پەروەردەیی و شیعری هەڵبژاردە و قسەی نەستەق و زۆر شتی تری دەنووسی کە وەک کەشکۆڵ بەرهەمی میژوویی ئامادە دەکرد کە پەیوەندی بە خۆشەویست. تا ئەوکاتەی کۆچی دوایی کرد بەردەوام بوو لە خزمەتی هونەری وێنەکێشان و خۆشنووسی، خەڵکێکی زۆریش لە بەردەستیدا فێری کاری نیگارکێشی و جوانnووسی ببوون.

(خالید زامدار) وەک شنەبایەکی بەهارانە، وەک بایەکی وەشت بێگەرد و سینەیەکی ساف، دوور بوو لە ڕژگارەوە هەبوو. هەموو ئەو نووسینانە تا ئێستا لە زاکیرەی خەڵکدا ماوەتەوە. لەو سەردەمەدا خەڵکی سلێمانی ئەگەر کاریان بە شەقامی سابوونکەرانیش نەبوایە ئەوا لەبەر ئەو نووسینانەی ئەم هونەرمەندە بە تامەزرۆییەوە سەردانی ئەو شەقامەیان دەکرد بۆ خوێندنەوە و بینینی ئەو نووسینە بەنرخانە.

جگە لەو کارانەش پیاوێکی سەرڕاست بوو، یەکێک بوو لەو پیاوانەی کە گرنگی بە خۆی دەدا و جوانپۆش بوو، قسە خۆشبوو، لە پیاوە خۆشەویستەکانی شاری سلێمانی بوو، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە دۆستی هەژاران بوو و خەڵکی هەژاری زۆر هەموو ڕقەبەرایەتییەک، بڕواناکەم ڕقی لە کەس بووبێت، مەگەر تەنها ڕقی لە دوژمنانی کورد بووبێت.

(نووری کەریم)یش باس لەو کەسانە دەکات کە هاوکاری زامدار بوون و دەڵێت: ئەوانە سێ کەس بوون، کە یەکێک لەوانە کە دەستی زامداری گرت و کەم و زۆر ڕێنمایی دەکرد هونەرمەندی شێوەکاری ناسراوی کورد (جەمال بەختیار) بوو، کە ساڵانی 1967-1969 دەهات بۆڵای و لە یەکەم دوکان کە کاری تێدا دەکرد لە دامێنی گەڕەکی ئەزمەر، کە پێی دەگوترا گەڕەکی ئیسکان، جار هەبوو تابلۆیەکی بۆ تەواو دەکرد و بەدەم کارەوە ڕێنمایی دەکرد و ئافەرینیشی لێدەکرد. ئەمە سەرەتاکانی فێربوون و پێگەیشتن و پێشکەوتنی بوو. ئیتر لەوێوە هۆنراوەکانی مەولەوی، وەلی دێوانە، هێمن، مەدهۆش و پەندەکانی پیرەمێرد، وتە بەنرخەکانی فەیلەسوفی بەریتانی د. بێرنادشۆ، فەیلەسوفی چینی کۆنفۆشیۆس بوونە ئاوێنەیەک سەرتاپای ژیانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی خۆی تێدا دەبینی و بوونە بەشێک لە ژیانی و ئازارە بەسوێکانی تێدا خاو دەکردەوە و هەوڵیدەدا لەو پانتاییە فراوانە مەعریفییە و لە بەرهەمە هونەرییەکانی خۆی و خوێندنەوەی بابەتی بەکەڵک دنیایەکی نوێ بۆ خۆی فەراهەم بکات و پەردەیەکی ئەستوور بەسەر ڕابردوودا بدات، بەڵام هەرگیز نەیتوانی، زامەکانیش تیمار بکات، هەر بەو زامانەوە دەتلایەوە و گینگڵی دەدا و لە هەر باخچەی گوڵێک، دێڕێک لێرە و دوو دێڕ لەوێ و کۆپلەیەک لەولاتر، هۆنراوەی ڕەوان دەکرد و پەند و وتە بەنرخەکانی دەخستەپاڵ، بەڵام سەیرە کە هەرگیز دێڕێک هۆنراوەی بۆ نەهات و تەنها جارێکیش هەوڵی نەدا یا زۆر لەخۆی بکات و دەربڕینێکی بێتام ناوبنێت هۆنراوە.

(نووری کەریم) لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت: کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو کۆستە گەورەیەی زامدار هەمە لایەنە بوون، بەڵام جگە لە خۆشبەختی کورد ئامانجێکی دیاریکراوی نەبوو، دەسەلمانێی هیوایەک نەبوو، بەڵام هەرگیز گەل و نیشتمان و هاوڕێ و دۆستەکانی پشتگوێ نەدەخست، پاک و خاوێنی و جوانپۆشی و سادەیی و ناسکی و ڕووخۆشییەکەی لە دەست نەدا، بەردەوام لەگەڵ هونەرەکەیدا گرنگییەکی بەرچاوی دەدایە خوێندنەوە و گفتوگۆ لەسەر تێگەیشتنی هۆنراوەکانی مەحوی و هەوڵی لێکدانەوەیان.



کۆلاج : کاروان

وون بوون

مەنەفێست بەناوی: کۆمپانیای هبە جۆری ئۆتۆمبێل: رافعە شوکیە کومانسو- بقوة رفع (٨) طن رەنگ زەرد + نفتی + کەسک مۆدێل: ٢٠٠٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٨٩٧٢ ژمارەی شاصی: M٢٤٨٥٥٠٠٦ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی پەیانگای تەکنەلوجی هەولێر بەشی بیناکاری بەناوی کارزان شاخەوان رفیق وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٦) هەولێر ژمارەی پسوولە ٩٩٥٤٠٢ بەروار ٢٠١٧/٥/٨ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی نایف عمر اسعد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٩٨٤٠٢٤ بەروار ٢٠١٨/١١/٢٧ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی هوگر سعدالله توفیق وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی: کۆمپانیای ئۆتۆسی جۆری ئۆتۆمبێل: شفل ڤالڤۆ رەنگ زەرد مۆدێل: ٢٠٠٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٣٣٣٩٧ کاتی دهۆك ژمارەی شاصی: L١٢٠EU١٦٨٠٠ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەیەکی بەریوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوك بەناوی احمد یوسف قادر بەپلەی عەریف وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

کتاب CD ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢٣٧٠٢/ کاتی دهۆك بارهەلگر جۆری اسکانیا شاصی تك ویل دبل قەارە مۆدێل ٢٠١٠ بەناوی (کۆمپانیای رازوو) وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة المواد الشخصية في ئاكرى
العدد/١٠/مواد شخصية/٢٠١٩
التاريخ/٨/١٠/٢٠١٩
الى المدعى عليه (مايكل يوسف جبو)
ب/اعلان
اقامت المدعية (داليدا انور ناصر) الدعوى البدائية المرقمة اعلاه عليك امام هذه المحكمة تطلب اعادة حضانة ابنتها القاصرة المدعوة (اولكا) اليها ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار محلة (تازادى) المرفق بكتاب مركز شرطة طولان المرقم (٣٤٧٥) في ٢٠١٩/٨/٢٦ قررت المحكمة تبليغك عن طريق النشر في جريدتين يوميتين محليتين بالحضور في اليوم المعين للمرافعة امام هذه المحكمة والموافق ٢٠١٩/١٠/٢٢ استنادا للمادة ١/٢١ من قانون المرافعات المدنية وبعكسه ستجري المرافعة بحقك غيابيا واصدار القرار المناسب وفق القانون
القاضي / خالد عثمان يوسف

***

محكمة المواد الشخصية في ئاكرى
العدد/٩/مواد شخصية/٢٠١٩
التاريخ/٨/١٠/٢٠١٩
الى المدعى عليه (مايكل يوسف جبو)
ب/اعلان
اقامت المدعية (داليدا انور ناصر) الدعوى البدائية المرقمة اعلاه عليك امام هذه المحكمة تطلب فيها تصديق الطلاق الخارجي الواقع بينهما امام الكنيسة الشرقية القديمة الكائنة في ئاكرى ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار محلة (تازادى) المرفق بكتاب مركز شرطة گولان المرقم (٣٤٧٤) في ٢٠١٩/٨/٢٦ قررت المحكمة تبليغك عن طريق النشر في جريدتين يوميتين محليتين بالحضور في اليوم المعين للمرافعة امام هذه المحكمة والموافق ٢٠١٩/١٠/٢٢ استنادا للمادة ١/٢١ من قانون المرافعات المدنية وبعكسه ستجري المرافعة بحقك غيابيا واصدار القرار المناسب وفق القانون
القاضي / خالد عثمان يوسف

***

محكمة بداءة ئاكرى
العدد / ٥٥٦/ب/٢٠١٩
التاريخ /٢/١٠/٢٠١٩
الى / المدعى عليه رقم (٨) شاجدا احمد امين
ب/ اعلان

اقام المدعي (رجب قادر رجب) الدعوى البدائية المرقمة اعلاه عليك امام هذه المحكمة يطلب فيه تسجيل (القطعة المرقمة ٢/٢٠٦ مقاطعة ١٣٧ بساتين طاقي وزيوكي) باسمه والتي سجلت سهوا وخطا من قبل دائرة التسجيل العقاري باسماء المدعى عليهم (فهيمة محمد شريف رجب وشركاؤها) ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار محلة (جوستي) المرفق بكتاب مركز شرطة ئاكرى المرقم (٢٥١٠) في ٢٠١٩/٩/٢٥ قررت المحكمة تبليغك عن طريق النشر في جريدتين يوميتين محليتين بالحضور في اليوم المعين للمرافعة امام هذه المحكمة والموافق ٢٠١٩/١٠/٢١ استنادا للمادة ١/٢١ من قانون المرافعات المدنية وبعكسه ستجري المرافعة بحقك غيابيا واصدار القرار المناسب وفق القانون
القاضي / خالد عثمان يوسف

***

مديرية تنفيذ بردرش
العدد/٦/ت.د/٢٠١٨
التاريخ/٩/١٠/٢٠١٩
اعلان
قررت مديرية تنفيذ بردرش بيع العقار المرقم (١٣/١) مقاطعة ٨٢ روفيا والعائد للمدين كل من (صباح عبيد خندان) والتي تم حجزها لقاء دين الدائن (سالم ياسين سليم) فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة (١٥) خمسة عشرة يوما تبدا من اليوم التالي للنشر بموجب المادة (١٠٠) من قانون التنفيذ النافذ مستصحبا معه التامينات القانونية البالغة (١٠٪) عشرة من المائة من القيمة المقدرة وان رسم التسجيل والدلالية على المشتري
المواصفات :- موقعها ورقمها قضاء برده‌رەش ناحية روفيا رقم (١٣/١) مقاطعة ٨٢ روفيا مساحتها ٥ دونم و ١ اولك و ٨١ م٢ القيمة المقدرة (٢٤٠٠٠٠٠) مليونانواربعمائة الف دينار للدونم واحد
المنفذ العدل / عنتر فرهاد محمد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٧٧٧/
ڕێکەوت/٨/٩/٢٠١٩
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٧/٢٢٥ کە کەوتوەتە کەرتی ٩٥ حصارۆك دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار ابراهیم صالح عبدالله کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی هێمن عبدالله خلیل بەبڕی/ ٣٦,٦٩٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر هەڤالان ٧/١٦٩٥ ك ٩٣ حصارۆك
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لەیەك خانوو کە گەراج یەك ژوور حمام و مرافق و مطبخ و نهۆمی دووەم ٣ ژوورو مطبخ و حمام و مرافق نهۆمی ٤ ژوور حمام و مرافق روکنە.
٥ – ڕووبەرەکەی/
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٣٦٠,٠٠٠,٠٠٠ سێ سەدو شەست ملیۆن دینار.

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٤٧٣٦/ش/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت:٨/١٠/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (صبحه حاجی محمد)
شوێنی دانیشتنت (نادیارە)
داواکار (یاسین محمد مولود) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆماکردووە بە ژمارە (٤٧٣٦/ش/٢٠١٩/٣) تیایدا داوای (پەسندکردنی تەلاقی دەرەکی) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- گەرەکی قەتەوی) بۆیە دادگا بریاریدا بەپڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١١/١٨ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ صباح قادر کاملا

***

بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن/ هەولێر
کاروباری کارگێڕی
خۆیەتی
ژمارە: ٩٩٥
ڕێکەوت: ٨/١٠/٢٠١٩
بۆ فەرمانبەر (ایڤین مسیح عیان) بەناونیشانی (ژمێریاری) دانیشتوی شارۆچکەی عەنکاوە ژمارەی مۆبایل (٠٧٥٠٤٧٢٨٤٤٩)
ئاگادارکردنەوە
بەهۆی تەواوبوونی مۆلەتی بەبێ مووچە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٤ ئاگادارت دەکەینەوە بەدەست بەکاربونت لەماوەی یەك هەفتە لەناو هەرێم وە ماوەی یەك مانگ لە دەرەوەی هەرێم بەپێچەوانەوە کۆتایی بەڕاژەت دێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی خزمەتی شارستانی.
ئەندازیار/ رزگار نظیف عثمان
بەڕێوەبەری گەیاندنی هەولێر

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە: ١٦٤٤/ب/٢٠١٩/٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراوان (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای زیوەر بۆ بە لێند ە ر ا یە تی )
داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای نیوکنوکریت) داوای ژمارە ١٦٤٤/ب/٢٠١٩/٥ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگاری هەولێر/ گەرەکی ئازادی) بۆیە دادگا بریاریدا بە پڕاگەیاندنت بەپابەندکردنت ٢٣٢٢٥٥ دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە (٢٧٨٧٠٦٠٠٠) دوو سەدو حەفتا و هەشت ملیون حەوت سەدو شەش هەزار دینار عیراقی بۆیە دادگا بریاریدا بە پڕاگەیاندنتان بە بریارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەم بریارە و بڕێکی پاشملەیە و (قابلا للاعتراض و الاستئناف و التمییز) ە و مافی تانەدانت هەیە لە بریارەکە لە ماوەی یاسایيدا. بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٥٥
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵساوە
بە ڕاستکردنەوەی ناو:-
لەسەر داوای کوری خاوەن مافی ڕەفتار (جوهر حسن حمدامین) کە لە داواکاریەکەی داهاتووە لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٢٩ داوا دەکات ڕاستکردنەوەی ناوی بۆ بکرێت لە (حسن بن محمدامین بن ابراهیم) بۆ (حسن حمدامین ابراهیم) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٥٥) کەرتی ٥٣/کێشکە سەر بە ناحیەی دیگەلە, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمارکراون, جا هەر کەس و لایەنێك بەهەلستکاری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ناوەکان ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لیژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.
سەرۆکی لیژنە / کاوە جعفر محمود

***

دادگای باری کەسی لە خەبات
ژمارە: ٤١١/ش/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٨/١٠/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (عمر محمد سلیم)
کە ئامازە بە داوای ژمارە ٤١١/ش/٢٠١٩ کە تایبەتە بە داواکار (سری عقیل ابراهیم) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٨ بریاری داوە بە (حضانة) لەسەر هەردوو منذال (الزهراء / علی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەدلالەتی داواکار بریار درا بەپێی ڕاگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆیە تۆ مافی نارەزایت هەیە لەماوەی ١٠ ڕۆژ لەڕۆژی پڕاگەیاندنت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ مسعود سعید صدیق

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٠٤٧/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت ٨/١٠/٢٠١٩
ئاگانامە
داواکار/ ارکان عثمان احمد
ناونیشان: سلێمانی
داوالەسەرکراو/ یەنی کارولین
ناونیشان: نادیارە
داواکار (ارکان عثمان احمد) داوایەکی بەژمارە (٢٠٤٧/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە ئەم دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (٢٠١٩/٨/٢٨) بریاریدا بە (پەسندکردنی تەلاقی دەرەکی) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە ئەگەر ) ژێك ڤەبوونا دادی ( تفریق قضائی ) دناڤبەرا تە وداواکار ( خوخی غازی رشید ) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتێڤیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاسایيدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/دوو
ژمارە: ٣٢٩/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٣/١٠/٢٠١٩
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکرێن پاشملە (زیدان قادر احمد و قادر احمد مامك و سنعان قادر احمد و سلام احمد مامك و کیلان محمد سعید مامك و فرمان احمد مامك و فرهنك اسماعیل دیوالی)
ڤێ دادگەهێ بڕیار ل سەر هەوە دا ب سێدارەدانێ (الاعدام شنقا حتى الموت) ل دویڤ ١/١٤٠٦/ز /٤٧ ، ٤٨ ، ٤٩ ژ یاسا سزا د کێشا ژمارە ٣٢٩/ج/٢٠١٩ تەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا شێلادزێ ب ژمارە ٢٠١٦/٦ دا هوون بهێنە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی و هەوە مافێ نەزاریبوونێ یێ هەیە ل سەر بڕیارا بریارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ ڕێکەفتنا ئاگەهدارکرنا هەوە ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن ناڤخو و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ ل جهێ بڕیارا حازربونێ بیت.
دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٤٩٦/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ١٨/٩/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتباڕێ ڕەڤی/ عمر شریف درسن
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤٩٦/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا دهوکێ ل سەر مادەێ (٤٥٦) یاسا سزای ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/١١/٤ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادوەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٥١٩/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ١٨/٩/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتباڕێ ڕەڤی/ علی اسماعیل معروف
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٥١٩/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن سرهلدان ب هژمار ٢٠١٩/٣١٢ ل سەر مادەە (٤٥٢ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/١٢/٥ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە/ ٦٥٥/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢/١٠/٢٠١٩
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (هفال عبدالرزاق جنبلی) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ ٦ شەش هەیڤا لدیف بەندێ ٢٩٢ و دگەل بەندێن هەفپشك ٤٧ و ٤٨ و ٤٩) ژ یاسا سزایێ, و ژبەر نەنیاسینا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتەدان تۆ بێە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو ڕۆژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبونا خۆ دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاساییدا بۆ دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:٤٩١٤/ش/٢٠١٩/١
ڕێکەوت:٩/١٠/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (پەرێز سەردار احمد) شوێنی دانیشتنی نادیارە
ئامازە بە داوای ژمارە (٤٩١٤/ش/٢٠١٩/١) کە تایبەتە بە داواکار (ئالان معروف کریم) وە داوالێکراو (پەرێز سەردار احمد) کە جۆری داوای بریتییە لە (تصدیق الطلاق) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە, بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر شوقەکانی پارك ڤیو) دادگا بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠١٩/١١/٣ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێك یاسایی لەجاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ٢٢٢٩/ب/٢٠١٩/١
ڕێکەوت: ٩/١٠/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (نجیه کاکل حمد)
داواکار (مروان ریاض فاضل) داوای ژمارە (٢٢٢٩/ب/٢٠١٩/١)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (پارێزگاری هەولێر/ گەرەکی عەربی کۆن و نوێ و سعدوناوە) لە ٢٠١٩/١٠/٣ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پڕاگەیاندنت بە ئامادە بوونی خودی خۆت یان بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٤ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:٤٧٠١/ش/٢٠١٩/١
ڕێکەوت:٩/١٠/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (نیشان حسن علی)
شوێنی دانیشتنی نادیارە
ئامازە بە داوای ژمارە (٤٧٠١/ش/٢٠١٩/١) کە تایبەتە بە داواکار (جاسم اسماعیل حسن) وە داوالێکراو (نیشان حسن علی) کە جۆری داوای بریتییە لە (تصدیق الطلاق) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە, بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر گەرەکی ١٥٩ی گولان) دادگا بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠١٩/١١/٦ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێك یاسایی لەجاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١٩/٢٠١١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٨
ئاگاداری
بەڕێوبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/٢٠١١) ئۆتۆمبێلی ژمارە (٣٦٧٠٩٩ هەولێر) جۆری (BYD) مۆدێل (٢٠١٤)ی قەرزار (هەلمەت عبداللە درویش) بەلێک زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لەجیاتی قەرزی (لانە فرهاد محمد) کە بڕی (٣١,١٠٤,٠٠٠) ملیۆن) دینار هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە دەلالیەکەش لەئەستۆی کریارە و نرخی ئۆتۆمبێلەکەش بەبڕی (٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن) دینار قرساوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزە
* * *
سەرۆکاتیا باژێڕانیا زاخو
ژمێریاری/بوودجە
ژمارە: ٥٥٤٠/٣٠١/٢/٢
ڕێکەفت: ٢٠١٩/١٠/٩
ئاگەهداری
ڤێراگەهشتن ب نڤیسارا مە یا ژمارە (٥١٤١) ل ٢٠١٨/١٠/٢٩ێ و لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژ یاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەرۆکاتیا باژێڕانیا زاخو رادگەهینت ژبو هەبونا سەرئێک زێدەکرنا ئاشکرا ژبو فروتنا (٢٤) پارچێن ئەردێن (خزمەت گوزاری) کو ژمارە وروبەرێن وان لخوارێ دیارکری ژبو مەرەما جیبەجێکرنا پروژێن باژێڕانی، ئەڤجا کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرئێک زێدەکرنا ئاشکرا دا بکەت پێتڤی داخوازیەکێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێڕانیا زاخو بکەت ل گەل دابینکرنێن دەستپێکی (تأمینات اولیە) ب بڕێ ٢٠٪ ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البد المقدر) د ماوێ (٣٠) ڕۆژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د ڕۆژنامە فەرمی دا و سەرئێک زێدەکرن دێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێڕانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ ب ڕۆژەکێ و هەرکەسێ سەرئێک زێدەکرن بگەهێ دێ کرێن بەلاڤکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجیا سەردەرکت.
١- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٢٧/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٦٤,٥٠م٢.
٢- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٢٨/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٥٢,٦٦م٢.
٣- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٢٩/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٠م٢.
٤- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٣٠/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٠م٢.
٥- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٣٢/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٠م٢.
٦- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٣٤/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٠م٢.
٧- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٣٦/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٠م٢.
٨- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٣٨/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٠م٢.
٩- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٤٠/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٠م٢.
١٠- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٤٢/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٠م٢.
١١- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٤٦/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٠م٢.
١٢- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٥٤/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ١٩٨,٦٦م ٢.
١٣- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٤٩/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٠م٢.
١٤- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٤٨/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٠م٢.
١٥- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٥٣/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٩٥,٦٦م ٢.
١٦- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٥٠/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢١٠م٢.
١٧- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٥٢/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٥٧,٦٦م ٢.
١٨- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٧٤/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٢٨,٦٦م ٢.
١٩- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٧٣/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٤م٢.
٢٠- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٧٢/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٧,٥٧م ٢.
٢١- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٧١/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ١٩٧,٠٦م ٢.
٢٢- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٤٢/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٠م٢.
٢٣- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٤٧/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ٢٠٠م٢.
٢٤- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٣٦٥٥/٢ ١٦/ خرابابک رووبەر/ ١٩٨,٦٦م ٢.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکێ باژێڕانیا زاخو
* * *
دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ١٢٢٤/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٩
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشمله
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (حلیمە حسین احمد) ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٢ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (نژیار فوزی عبداللە) بریاردا ب (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینێ تە یێ داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە ڕۆژان ژ ڕۆژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕۆژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / زیرڤان احمد حسین
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ١٣٨٢ / ٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٩
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (یوسف عبدالله یوسف شرف خان)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥/ پازدە) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیە) وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونیە الجبریە) بین
هلات عبدالکریم محمد
(جێ بەجێ کاری داد)
* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٨٤٤٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سۆرەد) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (سۆرەد) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ئاکام عباس محمود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٨٤٣٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (شەروەدین)
بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (شەروەدین) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ئاکام عباس محمود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٨٣٧٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٧
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای ( KIDS DANDL ) بۆ ( بازرگانی گشتی/ سنوردار ) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای ( KIDS DANDL ) بۆ ( بازرگانی گشتی/ سنوردار ) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هەرێم دهام احمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

**ئاگەهداری**

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا ( قریە الدابق ) یا ( بازرگانیا گشتی / سنۆوردار ) بریارا گهورینا ( ناڤێ کومپانیی ) دایە ژ کومپانیا ( قریە الدابق ) یا ( بازرگانیا گشتی / سنۆوردار ) بۆ کومپانیا ( باخچەی ژیان ) یا ( بازرگانیا گشتی / سنۆوردار ) لەوما هەر کەسەکی نەرازی بیت یانژی مافەکێ یاسایی ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا سەرەدانا ڕێڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل ( باژێرێ دهوکێ - جادا مازی ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن
ڕێڤەبەرێ کومپانیان لدهوك

**ئاگەداری**

ئاگەداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Oak stone) بۆ بازرگانی گشتی /سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (Oak stone) بۆ بازرگانی گشتی /سنوردار) بۆ کۆمپانیای (Golden Oak stone) بۆ بازرگانی گشتی /سنوردار)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

**ئاگەداری**

ئاگەداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای ( KIDS DANDL ) بۆ ( بازرگانی گشتی/ سنوردار ) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگەداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

**ئاگەداری**

ئاگەداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (سۆرەد) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگەداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

**ئاگەداری**

ئاگەداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (شەروەدین) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگەداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٩/٤٩١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٩
ڕاگەهاندن
بڕیار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٩٨٣/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) کو دکەڤیتە ( دهۆك ) وتومار کریە بناڤێ قەردار (هوزان سعید محمد) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (٩٤٨٨٢٥٠) نەه ملیون وچار سەد وهەشتێ وهەشت هزار ودوو سەد وپێنجی دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ریڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە ( ٥٠٤٠٠٠٠٠ )پێنجی ملیون وچار سەد هزار دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (١٩٨٣/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ (عیمارا A١٣ شوققا (١) قاتێ (١) عیمارا ئاکنجیبوونێ وبازرگانی سنور وسالوخەت پێك ژ (عیمارا ئاکنجیبوونێ بیك دهێت (٣) قاتا شوققا ژمارا ئێك قاتێ ئێك ژ عیمارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ سێ ژۆریت نقستنێ ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمێ وهۆل داخلی بجیك) واجیهە جەنوب ڕوبەر (١١٣,٥) م٢ کوژمێ خەملاندی ( ٥٠٤٠٠٠٠٠ ) پێنجی ملیون وچار سەد هزار دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (١٩٨٣/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ (عیمارا A١٣ شوققا (١) قاتێ (١) عیمارا ئاکنجیبوونێ وبازرگانی سنور وسالوخەت پێك ژ (عیمارا ئاکنجیبوونێ بیك دهێت (٣) قاتا شوققا ژمارا ئێك قاتێ ئێك ژ عیمارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ سێ ژۆریت نقستنێ ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمێ وهۆل داخلی بجیك) واجیهە جەنوب ڕوبەر (١١٣,٥) م٢ کوژمێ خەملاندی ( ٥٠٤٠٠٠٠٠ ) پێنجی ملیون وچار سەد هزار دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (١٩٨٣/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ (عیمارا A١٣ شوققا (١) قاتێ (١) عیمارا ئاکنجیبوونێ وبازرگانی سنور وسالوخەت پێك ژ (عیمارا ئاکنجیبوونێ بیك دهێت (٣) قاتا شوققا ژمارا ئێك قاتێ ئێك ژ عیمارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ سێ ژۆریت نقستنێ ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمێ وهۆل داخلی بجیك) واجیهە جەنوب ڕوبەر (١١٣,٥)
هدی زاهد سلیمان
جێ بە جێ کاری داد
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٦٥٥/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/٢٠١٩/١٠/٩
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (حلیمە ابراهیم علی) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (رمضان حاجی اسماعیل) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ داخازێ تێدا پەسندکرنا مارە برینا درەکی ل ٢٠٠٠/٥/١٤ ورەچلەك زاروکی خو (عبدالرحمن) ل ٢٠٠٢/٢/٢٤ و(وجنة) ل ٢٠٠٩/١٢/١٤ و(رضوان) ل ٢٠١١/١/٢٢ وتلاقا دەرەکی (تصدیق زواج الخارجی واثبات نسب الطفلین وتصدیق طلاق خارجی) ئەوا ڕودای دناڤبەرا تە وێ وێ ژ تە ل ٢٠١٤/١/١٨ وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگاداریا دەستەکا هەلبژیر ل قەزا سێمێلێ تاخێ شهیدان بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕوژنامەییں ڕوژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا ڕوژا ٢٠١٩/١٠/٢١ ول بەروڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
دادگەها بەرایی دهۆك
ژمارە/ ١٠٩٨ /ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/١
ڕاگەهاندن
بۆ/داوالێکری (شیروان جلال الدین محمد طاهر) جهێ ئاکنجیی نەدیارە ڤێ دادگەهێ دداوایا ژمارە ١٠٩٨/ب/٢٠١٩ ڕێکەفتی ٢٠١٩/٩/٤ بریاردزڤراندنا زێری (٤٠٠)غرام یان دانا کوژمێ پارە (١٨٠٠٠٠٠٠) هژدە ملیون دینار بو داواکاری (رجوان عزالدین علی) دگەل مەزاختنێن داوایی ب ریژەیی وماندی بونی پارێزەرێن یا بڕێکارێن داواکاری پارێزەرێن (صخر عزت احمد وڤەنەر مهند صباح واحمد فرزنده جانگیر) کوژمی پارە ( ١٨٠٠٠٠٠ ) ملیونەك وهەشت سەد هەزار دینار وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤەبەریا ڕاگەهاندنا دادی ل دهوك ژمارە (٢٥٢٠) ڕێکەفتی ٢٠١٩/٩/٢٩ وڤەژارا هەلبژێری تاخی سی گرگا ڕێکەفتی ٢٠١٩/٩/٢٩ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریارا ناڤبری ڤێ دادگەهێ بڕێکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی وتە مافێ نەرازیبونی وتێهەلچوونی وپێداچوونی هەیە دماوی یاسایی دا بروڤاژی دی بریار پلا ڤەبر وەرگریت ل دیف یاسایی
دادوەر / ریبوار محمد حسن
* * *
دادگای باری کەسایەتی باتیفا
ژمارە/ ٥٧ /ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٧
ئاگەهدارکرن
داواکار (امل محمد جاسم) بڕێکاری
وێ پارێزەر (دلین طاهر محمد)
داوالێکراو (جوان شیخ موس یونس) خودانێ ڕەگەزنامە سوری ئاکنجیێ دهوك کەمپ دومیز بەری نوکە جهێ ئاکنجی بوونا نوکە نەیا دیارە
بو داوالێکراو (جوان شیخ موس یونس) ئەڤێ دادگەهێ بریارا پاشملە یا لسەری دیارکری دەرحقێ تە دا ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٩/٢٦ ب پەسەندکرنا گریبەستا هەڤژینیێ ناڤبەرا تە وداواکارا لسەری دیارکری ل ڕێکەفتی ٢٠١٤/٢/١٠ ل سەر مەهرا پێشەکی (١٥٠) سەد وپێنجی غرام زێر عیار (٢١) وەرگرتیە ومەهرا پاشەکی (١٩) نوزدە مسقال زێر عیار (٢١) نە وەرگرتیە وپەسەندکرنا دایك بوونا کچا هەوە (اخرت) ئەوا ل ڕێکەفتی ٢٠١٦/٥/٣ دایکبووی بوتە ژلایێ بابێ داواکارا لسەری ژلایێ دەیکێ وژبەر نەدیاربونا جهێ ئاکنجیبونا تە ول دیف دەقی یاسایی کو پیتڤیە ئاگەهداریا تە ب بریارا ناڤبری بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامین ڕوژانە وتە مافێ نەرازیبونێ وپێداچونێ یێ هەیی دماوەیێ یاساییدا وبەروڤاژیا ڤێ چەندی بریار پلا بنەبر دێ وەرگریت
دادوەر/ خالد سلیمان مصطفی
* * *
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ١٢٨٠ /ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٩
ڕاگەهاندن
بو/داوالێکری (عماد رمزی حجی) ل دویف داخازیا داواکار (هیڤی یونس میکائیل) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا سەلماندنا مارەبرینێ ژ تە وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دویڤ نڤیسارا بەربژارێ تاخێ سێ گرگا ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٢ ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل روژا ٢٠١٩/١٠/٢٧ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
دادوەر/ زیرڤان احمد حسین
* * *
دادگای بارێ کەسایەتی بەردەرەش
ژمارە/ ٢٤٥/ش/٢٠١٨
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٧
جاردان
بۆ داوالێکراو (سمر حمید صالح)
شوێنی دانیشتووی نادیار
داواکار (عیسی عبداللە محمد) داوای شەرعی ژمارە (٢٤٥/ش/٢٠١٩) لە ئەم دادگایە لە سەرت تۆمارکردووە کە داواکە بریتیە (گوێرایەلی) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی روژانەی ناخۆیی بە خۆت یان نوێنەریکی یاسایی ئامادەبێت لە ڕۆژی دادبینی ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٧ بە پێچەوانەوە دادبینی وەکو پێویست ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا لە گەل ڕێزدا
دادوەر / نزار خلیل ابراهیم
* * *
دادگەها کاروباری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٧٥/م/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٩
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (صلاح بیبو حجی) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (سولاف خدر جعفر) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ تێدا داخازا ژیك جودابوون (تفریق) ژتە دکەت وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگاداریا هەلبژیر ودەستەکا هەلبژارتنا پارێزگەها دهوك ل قەزا سێمێلێ کومەلگەها خانکی تاخی مام شڤان لەورا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەییں روژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/١٠/٢٣ ول بەروڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ٣١٧٩/ب/٢٠١٨
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٩
داواکار: مامز سلیمان عباس
داوالێکراو: وعد سلیمان عباس و هاوبەشەکانی
شوێنی مولك: هەولێر - گەرەکی ڕزگاری - شەقامی البان- نزیك حمام قەرەچوغ
ژمارەی مولك: ١٥٧٠/٢١٨ ك ٤٤ وارش
پێکهاتووەکان: خانوویەکی کۆنی یەك نهۆمی شەرقی پێکهاتووە لە دوو ژوورو مطبخ و گەرما و ئاودەست لە کەرپووچ دروستکراوە.
ڕووبەر: ١٠٠ م٢
نیشتەجێ: بەتالە
نرخی خەملاندن/ ٤٣,٠٠٠,٠٠٠ نرخی زەویەکە
١٠٠٠٠٠٠٠ نرخی پێکهاتەکان = ٤٤,٠٠٠,٠٠٠ چل و چوار ملیۆن دینار
کۆی گشتی زەوی و بیناکە
لەبەر نەبوونی کریار لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٣١٧٩/ ب/٢٠١٨ (ازالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشیی بریاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە, جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دادبینی یاسایی ڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
* * *
دادگای کەتن لە کۆیە
ژمارە: ١/ج غم/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٣٠
ئاگادارکردنەوەی سزا
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (انور قواص موسی) ئاماژە بە بڕیاری ئەم دادگایە بەژمارە ١/ج غم/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٩/١٥ کە بڕیاری داوە بە بەندکردنی بۆماوەی ٣ سێ مانگ پاڵپشت بە ماددەی (٢٤٠) لەیاسای سزادانی عیراقی بە ژمارە ١١١ لەساڵی ١٩٨٦ بەشێوەیەکی پاشملە بەگوێرەی یاسا لەبەر نادیاری شوێنی نیشتە جێبوونت بڕیاردرا لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی فەرمی ناوخۆیی ئاگادار بکرێتەوە کەمافی تانە لێدانت هەیە بەشێوەی ناڕەزابوون و پێداچونەوە لەبڕیاری پاشملەو بۆماوەی سێ مانگ لەسەرەتای بڵاو بوونەوەی ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەدا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ جاسم حمد رضا
* * *
دادگای کەتنی تەق تەق
ژمارە/٢٤/ کەتن/ ٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٠
ئاگانامەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سامان نامق شفیق) لەبەر ئەوەی تۆمەتباری هەڵاتوو بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٨ وەسەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێت لەکاتی ئیستادا. دادگا بڕیاری دا پاڵپشت بەمادەی (١٤٣) لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی پێراگەیاندنتان لەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەر دەم دادگای کەتنی تەق تەق لەڕۆژی (٢٠١٩/١٢/٢) وەبەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەبێ ئامادەبوونت ئەنجام دەدرێت بەشێوەی پاشملەو بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ محسن صالح محمود
* * *
دادگای کەتن لە شەقلاوە
ژمارە: ٤١/د/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٣٠
بۆ تۆمەتباری نادیار (احمد بایز حسن)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم دادگایە بریاریدا بەدادگایی کردنی بەشێوەیەکی پاشملە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لەیاسای سزادانی عیراقی بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری دەکەینەوە لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی پێویستە لەسەری ئامادەبێت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ٢٠١٩/١١/١٩ بۆ دادگایی کردنی وە ئەگەر ڕۆژی دادگایی کردنەکە کەوتە پشوو ئەوە یەکەم ڕۆژی کارکردن دوای پشووەکە دەست نیشان دەکرێت بۆ دادگایی کردن ئەگەر ئامادە نەبن یاخود خۆی بەدەستەوە نەدەن بۆ نزیکترین بنکەی پۆلیس لەو کاتەدا کاری یاسایی دەرهەق بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ کەنار طاهر قادر
* * *
دادگای کەتن لە شەقلاوە
ژمارە: ٣٣/د/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو
(سیامند قادر معروف)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم دادگایە بریاریدا بەدادگایی کردنی بەشێوەیەکی پاشملە بەپێی ماددەی ٢٢ لەیاسای هاتووچۆ بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری دەکەینەوە لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی پێویستە لەسەری ئامادەبێت لەبەردەم ئەم دادگایە لەبەروارى ٢٠١٩/١١/٢١ بۆ دادگایی کردنی وە ئەگەر ڕۆژی دادگایی کردنەکە کەوتە پشوو ئەوە یەکەم ڕۆژی کارکردن دوای پشووەکە دەست نیشان دەکرێت بۆ دادگایی کردن ئەگەر ئامادە نەبن یاخود خۆی بەدەستەوە نەدەن بۆ نزیکترین بنکەی پۆلیس لەو کاتەدا کاری یاسایی دەرهەق بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ رشاد خالد عمر
* * *
ئەم دادگایە لەبەروارى ٢٠١٩/١١/١٩ بۆ دادگایی کردنی وە ئەگەر ڕۆژی دادگایی کردنەکە کەوتە پشوو ئەوە یەکەم ڕۆژی کارکردن دوای پشووەکە دەست نیشان دەکرێت بۆ دادگایی کردن ئەگەر ئامادە نەبن یاخود خۆی بەدەستەوە نەدەن بۆ نزیکترین بنکەی پۆلیس لەو کاتەدا کاری یاسایی دەرهەق بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ کەنار طاهر قادر
* * *
دادگای کەتن لە شەقلاوە
ژمارە: ٤٠/د/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٣٠
بۆ تۆمەتباری نادیار (احمد بایز حسن)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم دادگایە بریاریدا بەدادگایی کردنی بەشێوەیەکی پاشملە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لەیاسای سزادانی عیراقی بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری دەکەینەوە لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی پێویستە لەسەری ئامادەبێت لەبەردەم

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

REQUEST FOR PROPOSAL (RFP)

For installation of containers to build classrooms and health centres in Anbar and Salah Al-Din Governorates of Iraq

1. Requirement:

The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Baghdad invites qualified companies to make a firm proposal for installation of containers to build classrooms and health centres in Anbar and Salah Al-Din Governorates of Iraq.

| Tender Reference Number | Tender Item Description | Tender Documents |
|---|---|---|
| HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/445 | For installation of containers to build classrooms and health centres in Anbar and Salah Al-Din Governorates of Iraq | The RFP document available at the link below for downloading: https://www.ungm.org/Public/Notice/97852<br>The RFP documents can also be requested by sending an email to: IRQBASUP@UNHCR.ORG<br>Please quote reference HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/445 in the subject |

2. IMPORTANT DATES FOR THIS RFP:

| Calendar of Activities | | |
|---|---|---|
| The above dates are tentative and may vary from actual dates, UNHCR will provide additional notice if needed | | |
| No | Action description | Dates |
| 1 | Tender issuance | 02 October 2019 |
| 2 | Closing date for the clarifications | 16 October 2019, 23:59PM |
| 3 | Closing date for submission of proposals | 30 October 2019, 23:59PM |

**Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM website**

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

نصب حاويات لبناء صفوف و مراكز صحية في محافظتي الانبار و صلاح الدين في العراق

المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لنصب حاويات لبناء صفوف و مراكز صحية في محافظتي الانبار و صلاح الدين في العراق.

| رقم العطاء | تفاصيل المادة | يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي: |
|---|---|---|
| HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/445 | نصب حاويات لبناء صفوف و مراكز صحية في محافظتي الانبار و صلاح الدين في العراق | https://www.ungm.org/Public/Notice/97852<br>كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى<br>IRQBASUP@UNHCR.ORG<br>والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب<br>HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/445 |

2- توقيتات مهمة:

| الإجراءات | التاريخ والوقت – بتوقيت العراق |
|---|---|
| اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء | 16 تشرين الاول 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق |
| اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء | 30 تشرين الاول 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق |

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل
IROBASUP@UNHCR.ORG

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/10/10 ژمارە (5846)
خەبات

# زانایەکی بێ ناسنامەی شیعر



سەردار جاف/ ئەڵمانیا

زۆرن ئەو خودان قەڵەمانەی بێ ناسنامەی شەونخونیان مالْئاوایی لە ئێمە و دونیای ئەدەب و شیعر دەکەن و ئیدی ونبوونی ناو و شیعرەکانیان لە تەک خۆیاندا لە گۆڕە تاریکەکاندا توند دەکرێ، حەیف کەوتوونەتە زەمەنێکەوە کەم کەس تەپ و تۆزی ئەو بەرهەمانە دەتەکێنێ و لە کونە تاریکستانەکان قورتاری دەکەن، شەهید زانا مەحمود یەکێکە لەو خودان قەڵەمانەی بی ناسنامەی نێکستەکانی هەر ونبووە و وەک چۆن گڵی هەولێر جەستەی ئەو مرۆڤە خەباتکارەی شاردۆتەوە.

خۆڵی دەست و پەنجەی ئێمەیش بەرهەمەکانی زیندە بەچاڵکردووە، شاعیری ڕەوان شاد بە ساکار زەندی ناسراو بووە و ساڵی 1968لە شاری هەولێری قەڵا و منارە چاوە ڕەنگینەکانی بە خاک و نیشتیمانی دایکیدا هەڵدێنێ و ژیانێکی پڕ ئازار و دەردەسەری و بن دەستی دەگوزەرێنێ، هەر لە پبناوی ڕەوینەوەی تەمی داگیرکەران لە 1991 / 7 / 17بە گڕ دامودەزگا داپلۆسێنەر و داگیرکەرەکەی بەعس دەچێتەوە و لە هەولێری پایتەخت و بۆ هەولێرییەکان گیانی بەخت دەکات، لێ کۆمەڵێ دەقی شیعری جوان جوانی بۆ جێ هێشتووین شایستەن جرای ئەم ڕووناکیەی ولّات پەی بە دەقەکانی کاکە زانا ڕەوانشادەکان ببا کە مۆمی تەمەنی گەنجیان بۆ ئێمە بەخت کرد و پێکی جوانەمەرگیان لە ئاودامانی خۆیان هەڵکێشا..

ئەمەیش دوو دەق لە شیعرەکانی شەهید زانا مەحمود (ساکار زەندی)

مێژوو
چەندە سەیرە
مێژوو منی لە بیر ماوە
منێک تا ئێستا نازانم
مێژوو کەنگێ .....بۆیە ژانم.....
××××××××××××
ئەڵێن : مێژوو
بە ئێسکی نێو ... کۆسپی گڵکۆی ژێر
منالْێکی سەرما بردوو
لە دایک بوو ....
کەچی مێژوو ....
خۆی شەو و ڕۆژ
هاوار ئەکات ... لاشەم لە ژێر
زێرابێکا .... هاتە دنیا
ناوەکانم لەو ساتەدا لە دایک بوون
کە مەردووم فێری درۆ بوون

تەنیام
وەک شەقامی ... چۆڵ و تاریک ,
ناخم لە گەڵ شنەی بادا.. بەلادا دێ ,
پەنجەرەکان.. هەموو یەک یەک..

پریشک دەهاوێن ...
درەختەکان.. دەتوێنەوە.. دەبنە مرۆڤ ...
بەد مەستەکان .. دەڕوێنەوە .. لە جێی داڕە ،
بێ گەڵاکان ,هێدی هێدی ..
سەگوەڕێک چەشنی بالْندەی کفت و ترساو ..
لقی درەختە سەوزەکان .. بێزار دەکا ..

پەنجەرەیی .. دەکرێتەوە ..
مۆمێکی تر دادەگیرسێ ..
ئەوە شەوی تەنیاییمە ..
تا بەیانی .. دەکرێتەوە ,
ئەویش خۆمم .. بە حاڵ .. لە بەر ڕەشەبادا
خۆم ڕادەگرم
بە هیوابن کاکە زاناکانی نیشتیمان ناو بە ناو یاد بکرێنەوە و زیندوو و لە بەر چاو و دید بن ,دەزینەوەی ئەوان ون نەکردنی خۆمانە ....



دادەخرێن و
دەنگی چرگەی .. سەعاتێ دێ ,
ئەستێرەکان لە خۆش خەودا ڕادەپەڕن ،
بە نێو دەریای تاریکی دا نغرۆ دەبن ..
سێبەری درەخت و مرۆڤ ...

# حەسەن حەیران
# حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری

جەمال گردەسۆری

**پێشەکی:** حەسەن حەیران ئەو مرۆڤە بوو، کەتوانی مێژوویەک بۆ خۆی دروست بکات نەوەی ئێستاو دواڕۆژ شانازی پێوە بکەن، وەک کەسێکی کورد پەروەرو حەیرانبێژێکی لێهاتوو هەریەکەی لەم بواڕە ئەو مرۆڤە دەناسن، عیشق و ناسینی بەندە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیم لە یادمە لەساڵی 1975بەر لە نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەڵ دایکم و کاکم کەمال لە گوندەکەمان گوندی گردەسۆر دەچووینە گوندی سۆفی ئیبراهیم مالّی خالّمان لەوێ بوو لەنزیک گوندی سۆفی ئیبراهیم چەند چەکدارێک لەسەر ڕێگا دانیشتبوون بە موسەجەل کاسێتی حەسەن حەیران خرابووە سەر دەنگی لەدوورەوە دەهات.

**دایکم گوتی:** ئەوانە دەبێ جاش نەبن؟
**بەندە گوتی:** ئەمانە پێشمەرگەن.
گوتی: چۆن دەزانی؟
**گوتم:**
لەبەر ئەوەی گوێ لە دەنگی حەسەن حەیران ڕادەگرن، کاتێ کە گەیشتینە لایان ڕاست دەرچوو پێشمەرگە بوون، ئەم بۆچوونەی بەندەیان بۆیان گێڕانەوە ماچیان کردم.
دەنگی حەسەن حەیران دەنگی بەرگرییە جیا لەهەر دەنگی دیکە لەبەر ئەوەی ئەو زاتە لەکاتی بەرگری کردنی لەخاک و شەرەف و کەرامەتی کورد حەیرانی دەچڕی کەورە بەرزی دەبەخشییە پێشمەرگە، کەواتە ئەو پێشمەرگە وڕە بەخش و بیرو باوەڕێکی پتەوی کوردایەتی دڵسۆزو پاک بوو تا ڕۆژی کۆچی دوایی چەکی کوردایەتی لەشان بوو، ئەمە بوو بۆیە کەسێک نەبوو لەحەیران گوتن خۆی لەقەرە بدات، بەندەش لەبەر ئەو هۆکاران عەشقی دەنگی و بە ئومێدی ئەو ڕۆژە بووم بەر ژێڵیکی وەک ئەمڕۆ بگەم کێشێبێک دەربارەی ژیان و حەیران و لاوک و بەستەکانی کۆبکەمەوەو بە چاپی بگەیەنم ئەگەرچی ئەم بەرهەمە چەند ساڵێکە ئامادەی چاپە، بەڵام دەرفەت نەڕەخساو هۆی سەرەکیش گەڕان بەدوای ئەوەی بەڵکو لەلای دڵسۆزێک حەیرانێک یاخود لاوکێکی دیکە بکەوێتە بەردەستمان بەڵام لەمە زیاتر نەبوو، بەو باوەڕە هێندە لامان بەنرخ بوو، هەمیش دەربارەی ژیان و مەردایەتی و باوەڕە پتەوەکەی کوردایەتی بنووسرێت تەواو نابێت لێردا کۆتایان پێ هێناو بەو ئومێدەم خزمەتێکی بچووکم کردبێت و لێم ڕازیبن


**کورتەی ژیانی**

ناوی تەواوی حەسەن قادر خەلیل، لە ساڵی 1937لە گوندی تەلەرخێمی گەورە لە دایک بووە، لەهۆزی ڕێژبەیانیەو لەساڵی 1961پەیوەندی بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کردووەو بۆتە پێشمەرگە، پلەی پێشمەرگایەتی سەرپەڵ و دواتر دەکرا بە سەرلق بەڵام بەهۆی نەخۆشی تەنگەنەفەسی ئەو پۆستەی وەرنەگرتووەو لەجیاتی ئەو ئاودڵ ڕێژبەیانی کە خزمی بووە کراوە بە سەرلق، وەک پێشمەرگە بەشداری شەڕەکانی بەشی هەرەزۆری شەڕەکانی دەشتی هەولێری کردووە، لەو کاتیش بۆ وەرە بەرزکردنەوەی پێشمەرگە حەیران و لاوکی وتووە، هەروەها هەردەم لە سەرکەوتن خاوەن باوەڕ بەخۆی بووەو چەندین جار بریندار بووەو بەڵام بە هۆیەوە وەری بەرنەداوە، هەروا بەهۆی ئاستی ئازایەتی و پاک و مەردایەتی چەندین جار لەلایەن بارزانیی نەمر بانگ کراوەو ڕێزی لێنراوەو خۆشەویستی بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو سەرۆک مسعود بارزانی بووەو هاموشۆی کردوون و زۆر ڕێزی لێ گیراوە، لە تەمەنی ژیانی 47ساڵ ، 23ساڵی ڕەبەق لەنێو شۆڕشدا بووە، تاوەکو لەڕێکەوتی 1984 -7 -16لە گەشتێکی نێوان نەغەدەو ڕەزایە بە کارەساتی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەست دەدات، لەسەر وەسیەتی خۆی لە ساڵی 1991تەرمەکەی دەگوازنەوە گوندی تەلەرخێمی گەورەو دەنێژرێت، لە بواری لاوک و حەیرانەکانی بەشی زۆری لاوکەکانی باس لە ژیانی قارەمانیەتی چەند شەهیدێک دەکات، لە حەیران زۆربەی بۆ هاندانی ئاستی وڕە بەرزی بۆ پێشمەرگە بووەو لە گەرمەی شەڕدا حەیرانی چڕیوە، لە بواری ژیانی هاوسەری دووجار ژیانی هاوسەری پێک هێناوەو باوکی چوار کوڕو چوار کچ–ە ، کوڕەکان چەتۆ، ئەمیر، هیوا، ئومێد، کچەکان مەهان، خەرامان، پەیمان، شیلان.

**دەربارەی حەیرانەکان**

حەسەن حەیران حەیرانی بۆ ئەوە نەچڕیوە پێی بناسرێت و شانازی پێوە بکات، ئەو حەیرانی بۆ هەوەسی دڵی خۆیی و لەوکاتەی کە بەشداربوو لە ڕوو بە ڕووی دوژمن لە هێرش بردن و بەرگرێدا لەبەر ئەوەی ئەکات لای ئەو خۆشترین کاتە بۆیە گەرم دەبوو بە وتنی حەیران و بەشداربیەکەی لە شەڕدا کە گەورەترین شەرەفە لەلای کورد پەروەران بۆیە ئەوکات شەرەفمەند دەبوون کە یەکەم کەس بن بۆ چوونە ناو بارەگای دوژمن و یاخود بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمن، وەڵاکەی دەریم ناوێرم هەرینم دەنگێ
ئەوە چەند شیرن لە بۆیان
خۆزی بە خۆزی عەوەت عەوەتێ دایمە سواران
فرمەیێ مامزان
نوسکەی تاژیان
برا دەرێم کۆرپە کیژۆرەکانی دربەغەم
یان لەگەر فیتەی شوانان
چاوەکەم دەرێم لەگەر قاژەیێ تڤەنگێ
ئەمن هەنگینێ تەرکی دوو چاوی بەرەک و
گەردەنی زەردی بە خاری دەکەم
هەتا ئەوێ ڕۆژێ بە کۆمەرەکێ براەران
سەرم دەدورنەوە لە جەنگێ
تەسلیمم دەکەنەوە بە خاکی گری
لە بۆ خۆ گەلە گەلە بە درەکی غەمبار
دەبا لە بەقەفا سمێری سوسنێ
هەرگرم مەرامە بەژەنگێ .
-3-
دەرێم بابە ئەورۆ بەوێ هێواری
دەرێم گەلە بریندارم لەبەر غەمێ پیرە دونیایێ
دەرێم بریەنی کەون و نوم هەموو لێکڕا کولاوە
لە بۆت ئمینێم باریکی بێ پەرە
دەرێم گەلە بریندارم لەبەر غەمی پیرە دونیایێ
برام دەرێم بریەنی کەون و نوم هەموو لێکڕا کولاوە
ئەمن قەت برادەرەکێ هەند در بەقاو متمانم نەبوو
لەبەر غەمێ پیرە دونیایێ درم گەلە گەلە بە خەمە
هەر بە خۆم دری خۆم دەداوە
سەبارەتێ بە دوو چاوێ بەرەک و
گەردەنێ زەردی بەخاری بووێە
ماسییەکانی دەرمان خواردی
سەرێ چەند سارە کەتیمە لەدەو ڕووبارە ئاوە
دەبا پەرچەمێ ئەوەی غەداری غەدار داک
لە بۆ من ئمینێ بە کارتە ڕەیحانەکانی
وەکی هەموو فەسلی دەرە بواران
لەگەر گەزەنگی ڕۆژێ
گەلە گەلە بەنازی لێ دەکەوێ
هورەد خوناوە.
-4-
دەمگۆ بە چاوێ من بڕۆنێ
دیسان دەرێم برام گەوارەکی دەهینا
چەند دوور دەبارە
لۆیە گەلە کەساردو
کەسەر داری دوو چاوی تووەمە گەردەن کێل
دەرێم گەوارەکی دەهینا
دەمگۆ براینە بە چاوی من بڕۆنێ
دەرێم چەند دوور دەبارە
ئەوە شۆڕ دەکاتەوە دەو زێیە
کاولی عاربان دەگرتەوە
دەشتێ کاولە قەراجێ
سەرێ قەرە بۆتک و قەرەبۆتکان
دەراوێ قورینگان
گۆمی ماروا شان
دەوزێیە کا بادینان
گۆمەتەکەی سولْتان عبدولْلای عاربی
سەرێ قەراتێ پیرە مەخموری
شۆڕ دەبتەوە لە دەرکی بازارگەی خۆمان
گەلە گەلە بەنازی تەڕەکاتەوە
سەرو پەرچەمێ شەنگە بێری
گاوەرەو کەنداری
ئەمن خۆزی بە خۆزی داران
باجگری ماچان بام لەسەر پردەکەی کاولە ڕواندزێ
ئەوەلەن لە کیژۆرە بارەکییان
گەردەن کێلی ڕەواندزییان
لەسەر بەتاسێ خۆشناوان
لەیێخە بەسنجاقێ کۆییان
سەر بەمۆری سولێمانییان
لە عەبا ڕەشێ هەولێرییان
لە بسک قوتێ سارەییان
لە کیژێ خێرەکی و ڕەوەند و ئاکۆیی و مام ساری خەیلانیان
لە شل و مل و باغەر شۆڕێ دزەییان
وەکی فەسلێ دەرە بواران دێتەوە
لەسەر چاکەکەی سولْتان عەوڵلای عارەبی
لە گۆمێ معیجیلەی
لە گۆمێ سێ قۆنیچکی
ناوەڵلا دەرێم لە کەندو لەندی مشاری .
-5-
دەرێم بابە ئەورۆ بەوێ هێواری
چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
دەرێم داری شەکرانێ لەمن پیرە دارە
ئەوە دەرێم چاوەکەم
دەنگۆ بە چاوی من بڕۆننێ
لەبنی یەکە خۆ
مەعلومە لەسەری هەزارە
دەمگۆ بە چاوێ من بڕۆننێ
ئەوی غەداری غەدار داک
سەبینان وەکی لەگەر گەزەنگی ڕۆژێ دێتەوە
لە ڕێی سراوێ
زێدە لە کیژۆکاری گوندێمە
بە خودای دایمە بەدایم
دەوی بە پێکەنینەو
تیلاکەی خوارە.
-6-
دەرێم ئەورۆ بەوێ هێواری
چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
بابە دەرێم درم بە قونگرە قەراتە
سەبارەتێ بەدوو چاوی بەرەک و
گەردەنی زەردی بەخاری
قەت نابی ڕازی
دەبا چاوی ئەو غەدار داکەی لەبۆ من ئمینێ
بە چاوی کارو کار غەزالەکانی سورخنی
جا وەکی دەلەوەڕێتەوە لە بانی بۆران
لەبەر عەوەت عەوتێ دایمە سواران
فرمەیێ مامزان
قاژەیێ برنۆیان
دەرێم دەپەڕیەوە لە جۆگەی شا قازی
ئەمن دونێ لە مەرکەزێ ژوانێ
گەیمە دوو چاوێ بەرەک
دەمگۆ چاوەکەم دەبینە لەبۆ خۆ دەستەکی
باوێمە سەر ملێ بەکەزی
بە دەستێ دی دەربینم جۆتە شەمامە شەمامان
هەرمژم خارێ گەردەنان
بۆنکەم گەریێ خەناوکێ مۆری و مەرجانان
گەڵێ عاشق سەرێ خۆیان نا لەبن گری
کێژ دەرێ درم گەلە بەخەمە یان دەستانم لێ بەردە
یان لە بۆ بەدران بمخوازی .
-7-
دەرێم بابە ئەورۆ بەوێ هێواری
دەرێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
درم قاسیدە
چاوێژگەم دوور بینە
دایمەن بە دایم بە دنیا دەنۆڕی
لە بۆت نەمینێم باریکێ بێ پەرە
دەرێم درم قاسیدە
چاوێژگەم دووربینە
لە بۆت نەمینێم گەردەن کێل
دایمەن بە دایم دنیای دەنۆڕی
ئەمن چاوی ئەو غەدار داکەم دەشوبهاند
بە چاوی کارو کار غەزالەکانی سۆر خۆنێ
جا وەکی دەلەوەڕێتەوە لە دەشتی کاولە قەراجێ
لەبەر عەوەت عەوتێ دایمە سواران
فرمەیێ مامزان
نوسکەی تاژیان
قاژەی برنۆیان
دەرێم گەلە بەنازی لە دوای داکی دەقۆڕی .
ئەمن سەت حەیف ومخابنێ دنیاییم دەمینێ
لە بۆ کۆرپە کیژۆرەکانی پەرچەم شێ
وەکی شەو لە نیوەباری شەوێ گەلە گەلە بە درەکی غەمبار
هورەد فرمێسکان بەر دەدەنەوە لەسەر ڕومەتا سۆری گور گوری
بە خوای هەر بەتاقیتەنێ تەنها کەلەکان دەگۆڕی .
-8-
خۆزیا بە خۆزی داران دەبا ئەمن کوریکەک بامایێ
لە کوریکی گاگرۆیێ.
شێن بمایە لەسەر هەیبەت سولْتانا ڕەنگین هەموو دانی سبەینان سەبارەتێ بە کۆرپە کیژۆران
پەرچەم شێیان
چاو بەکلان
دەبا بەرێ خۆم دابایە باخەکەی کۆیێ
دەبا بەڕێێ ئەوی غەدار غەدار داک
لەبۆ من ئمینێ بەشترە نەمامەکانی
وەکی هەموو فەسلی دەری بواران شێن دەبی بە خودای
لە باغی حاجی مستەفای مار لە شەقراوێ
سەبرۆکە لە سەری دەگری نارنجە
لە بنی دەگری لیمۆیێ.
-9-
دەرێم بابە چەندی گاز دەکەم
داری دێدەوان لەمن دوو لکە
ئەمن لەبۆ خۆ
ڕەشە ڕەحانم دەچاند بەوێ فەسلی دەری بواڕێ
نازانم تالعی من بوو
نە تالعی ئەو بابان وێرانەی
شێن دەبوو سۆرە گورو هورەد پەلکە
کێژ دەرێ چاوەکەم دەتوو وەرە
لە بۆ خۆت دەستەکی باوێ سەر ملی بەکەزی
بە دەستی دەربینە
جۆتە شەمامە شەمامان لۆ خۆ
لە خەرک و عەوامێ گوندێمە ڕادیارە
ئەمن تازە دادەنێم بنێ سمێرێ
ئەتووش خڕ دەکەیەوە بنی مەمکە.
-10-
ئەورۆ بەوێ هێواری
چەندی گاز دەکەم لە زینان
لۆیێ گەلە کەسادو کە سەرداری دوو چاوی تووەمە
غەدار داک لە زینە تیرێ
ئەمە چاوی ئەو غەدار داکەم دەشوبهاند
بە چاوی کارو کار غەزالەکانی سۆر خونی
چاو ڕەش وەکی دەلەوەڕێتەوە لەسەریێ سپیلکێ
لەبەر عەوەت عەوتێ دایمە سواران
فرمەیێ مەعنەگان
قاژەیێ برنۆیان
گەلە گەلە بەناز دەپەڕیەوە
لە جۆگەی هەریرێ
ئەمن دەزانم داکی گەلە گەلە ئەسل زادەیە
گەردەنی خۆی هەردەکێشا
دەمن دەزانم بە چ پیسکە ڕاوکەرێ
گوندێمە نایەتە گرتن
بە خودای بەمن نەبێ
بە قەت کەسێ دی ناگیرێ.
-11-
دەرێم بابە توخوا دنیا بوو ئەمن مردم
دەرێم دەگەلی برادەرینە
ئەنگۆ قەت مەرێن دەرەنگە.
قەبرەکی لەبۆ من لێدەن
لەسەر سینگ و مەمکی ئەوی غەداری غەدار داک
ئۆبار بە ملی مامۆستای
دەرێن لێمەدەن بە کورینگ و بێران
بێزاری گەلە گەلە تەنگە
لۆت بمینێم دەوجا لە بۆم برێنەوە
کۆرپە کیژۆرەکانی در بەخەم
لەگەر میری کیژۆران
سوکە ژنەکانی دەست بەبازن
دەبا هەموو دانی هێواران
دەمەکێ بێنەوە سەرینم
شینەکم لەسەرینگانی دابەستن
هەر بە ئاوازو دەنگە.

# کچە پاڵەوانە لەشجوانەکەی کورد بەهۆی پێکانەوە بۆ ماوەیەک لە پاڵەوانێتییەکانی جیهان دادەبڕێت



**هاوار مورتکەیی**

ئاریان سەعیدی ئەو کچە لەشجوانە کوردەیە کە لەماوەی رابردوودا توانیویەتی بگاتە فاینالی پاڵەوانێتییەکانی لەشجوانی و چەند جارێک لەنێو سەدان کچ لەشجوانی وڵاتانی دونیادا پلەکانی دووەم و سییەمی بەدەستهێناوە، بەڵام ئەمساڵ لە پاڵەوانێتییەکە دوور دەکەوێتەوە و ناتوانێت بەشداری بکات.



لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات پەیوەندی بە ئاریان سەعیدیەوە دەکات و لەهۆکاری دابڕانی لەو ماوەیەی رابردوو دەکۆڵێتەوە و ئاریان رایدەگەینێت کە تووشی نەخۆشی و پێکان بووە و پزیشکان پێیان راگەیاندووە کە دەبێ بۆ ماوەی ساڵێک لە بەشداریکردنی پاڵەوانێتییەکان دوور بکەوێتەوە تا ئەوکاتەی بەتەواوی چاک دەبێتەوە.

هەروەها ئاریان سەعیدی زیاتر گوتی: هەوادارانی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە هەر کاتێک تەنردوستیم جێگیر بۆوە ئەوکات دووبارە دەگەڕێمەوە سەر ستەیج و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر لە رابردوو دەکەمەوە، ئومیدم زۆرە کە بتوانم بۆ پاڵەوانێتی داهاتوو بتوانم بەشداری بگەم و بچمە سەر ستەیجی ئارنۆلد و رکابەری لەسەر نازناوە سێ یەکەمەکان بکەمەوە.



جێی باسە ئاریان سەعیدی کە ئێستا لە ئەمریکا دادەنیشێت، لە رابردوودا هەرجارێک بەشداری پاڵەوانێتییەکی لەشجوانی جیهانی کردبێت، ئالای کوردستانی بەرزکردۆتەوە و دووپاتی کردتەوە کە هەموو ئاواتێکی ئەو ئەوەیە ناو و ئالای کوردستان لە سەر ستەیجەکانی جیهانی نیشانی دونیا بدات و لەرێگای وەرزشەکەیەوە ئەو پەیامە بگەیەنێت کە ئافرەتی کوردیش هیچی لە ئافرەتانی دونیا کەمتر نییە لە رکابەری کردن لە وەرزشی لەشجوانی.



## چێلسی پارەیەکی خەیالی دەخاتە بەردەم نایمار

تۆڕی دۆن بالۆنی ئیسپانی ئاشکرای کردکە یانەی چێلسی ئینگلیزی چووە نێو پێشبڕکێی راوکردنی نایمار داسیلڤای بەرازیلی و یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی، کە بڕیارە لە بازاڕی گواستنەوەی هاوینەدا پێشبڕکێیەکە دەستپێدەکات. ئەگەرچی ناوی نایمار دەمێکە پەیوەستە بە بەرشلۆنەوە، بەڵام یانەکەی پاریس بەربەستی زۆری ناوەتەوە لە چوونی نایمار بۆ قەڵای کەتالۆنی، ئێستا ئەو تۆڕە ئیسپانییە ئاشکرای کردووە کە یانەی چێلسی کەنالێکی پەیوەندی و گفتوگۆی لەگەڵ یانەی پاریس سان جێرمان دۆزیوەتەوە و ئەو یانە ئینگلیزییە ئامادەیە بڕی 210ملیۆن یورۆ بدات لەپێناو رازیکردنی سان جێرمان بۆ بەدەستهێنانی نایمار

# هازارد: گۆڵی یەکەمم ناوازە بوو



ئیدین هازارد، ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید، لە بارەی تۆمارکردنی یەکەم گۆڵی بە دریسی میرینگی، بەرامبەر گرانادا وتی:"گۆڵی یەکەم بەردەوام ئەستەمە، بەڵام دواتر متمانەی زیاتر بەدەست دەهێنیت، ئومێدەوارم گۆڵی زۆر بۆ ئەو یانە گەورەیە تۆمار بکەم". ئەمەو ریال مەدرید لە گەڕی هەشتەمی لالیگادا، بە ئەنجامی چوار گۆڵ بەرامبەر دوو گۆڵ، لە یانەی گرانادای بردەوە و بە کۆکردنەوەی 18خاڵ، پێشەنگی یانەکانی خولەکەی گرت. دوای یارییەکە، هازارد، لێدوانی بۆ کەنالی فەرمی یانەکەی دا و وتی:" ئەوگۆڵەی تۆمارم کرد، بۆ خۆم و تیپەکەم گرنگ بوو، چونکە کەسانێکی زۆر، باسی مەسەلەی تۆمارنەکردنی گۆڵی منیان دەکرد، لەمبارەیەوە گوێم لە زۆر شت دەبوو". هەروەها وتی:"لە کاتی تۆمارکردنی گۆڵەکەدا، شتێکی ناوازەم تاقی کردەوە، چونکە گۆڵی یەکەم دەبێت بە شێوەیەکی ناوازە بێت، زۆر دڵخۆش بووم، کە دیتم توپەکە دەچێتە ناو گۆڵەوە". وتیشی:"کە یاری دەکەیت، بەردەوام دەتەوێت گۆڵ تۆمار بکەیت، بەڵام گرنگترە لەوە، بردنەوەیە، یارییەکی باشمان کرد و توانیمان پارێزگاریی لە پێشەنگی خولەکەدا بکەین، ئەوەش ئامانجی ئێمەیە". هازارد لە کۆتاییدا وتی:"یارییەکی زۆر ئەستەم بوو. ئەوان تیپێکی بەهێزن و بە شێوەیەکی باش یاری دەکەن، ئەوەش نهێنی هاتنیانە لە پلەی دووەمدا، بەڵام ئێمە لەماوەی 90خولەکەدا هەموو شتێکمان پێشکەشکرد و ئەنجامەکەمان یەکلایی کردەوە، گرنگ ئەوەیەسێ خاڵی یارییەکەمان بەدەستهێنا".

**ڕەمزی میرەکانی**



## ئەو کەسە کێیە لەپشت دەسکەوتەکانی تایگەرەوە بوون؟

تایگەر وودزی ئەفسانەی گۆلف ئاشکرای دەکات کە هەموو ئەو ئەنجامانەی کە لەرابردوودا بەدەستی هیناون بۆ پشتیوانی و خۆشەویستی بەردەوامی ئیریکا هێرمان دەگەڕێتەوە.

تایگەر وودز دەڵێت: تۆ هەر وەرزشوانیکی باش بە ئەگەر نزیکترین کەس پشتیوانت نەبێت ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانیت ئامانجەکانت بپێکی، تایگەر لەمبارەیەوە کەسە نزیکەکەی ئاشکرا دەکات و دەڵێت: بەختەوەرم کە کەسێک هەبوو پشتیوانیم بکات لەو دەسکەوتانەی لە رابردوودا بەدەستم هێناون، ئەو کەسەش ئیریکا هێرمانی خۆشەویستەکەمە کە زۆر رۆڵی هەبوو لەو ئامانجانەی کەمەبەستم بوون ببینەدی، هەروەها گوتی: لێرەوە دەمەوێت بە ئیریکا بڵێم کە خۆشم دەوێیت.

www.xebat.net
خەبات پێنج شەممە 2019/10/10 ژمارە (5846)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com



### ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ڕێز لە شەترەنجزانانی یانەی خانزاد دەگرێت

# عەلی ڕەشید: ئەم ڕێزلینانە سوپاس و پیزانینی هەموو خەڵکی هەولێرە بەهەموو ڕەنگەکانیەوە

**هاوار مورتکەیی**

ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لە ڕێوڕەسمێکدا ڕێز لە ژمارەیەک شەترەنجزانی یانەی خانزاد دەگرێت و ڕایدەگەیەنێت کە ئەم ڕێزلێنانە سوپاس و پێزانینی هەموو خەڵکی هەولێرە بەبێ جیاوازی.

دوای ئەو ئاستە بەرزەی شەترەنجزانانی یانەی خانزاد لە هەردوو پاڵەوانێتی یانەکان و تەمەنەکانی عیراق بەدەستیان هێنا، ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبوونی عەلی ڕەشید سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر و ئازاد سابیر سەرۆکی یەکێتی ناوەندی شەترەنجی کوردستان، ڕێز لە شەترەنجزانان گیرا و بڕوانامەی سوپاس و پێزانینیان پێ بەخشرا.

لە وتەیەکدا سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر گوتی: خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ لەبەردەم ژمارەیەک پاڵەواندام، ئەمانە جیا لەوەی دەسکەوتی باشیان لە پاڵەوانێتی عیراق بەدەستهێناوە، لەهەمان کاتیش ئەوانە بەراستی پاڵەوانن چونکە شەترەنج یارییەکی هزری و قورسە و هەموو کەسێک ناتوانێ فێری ئەو یارییە بێت تەنها ئەوانەی مێشکێکی زیرەک و کەسایەتی بەتوانایان هەیە، هەروەها گوتی: بەناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر و تەواوی فراکسیۆنەکانەوە پیرۆزبایی و دەستخۆشیتان لێدەکەم و ئێوە نموونەیەکی گەشی دواڕۆژی ئەم وڵاتەن، ئەم سوپاس و پێزانینەش هی تەواوی خەڵکی کوردستانە بەهەموو ڕەنگەکانیەوە و ئیمە وەک ئەنجوومەن شانازیتان پێوەدەکەین.

# شفاینشتایگەر دوای وازهێنانی سوپاسێکی تایبەتی ئیقانۆڤیچ دەکات



دوای ئەوەی باستیان شفاینشتایگەری ئەڵمانی وازهێنانی لە تۆپی پێ ڕاگەیاند، یانەی بایرن میونشن ستایشی ئەو یاریزانەی کردو ڕایگەیاند کە دەتوانیت بگەڕێتەوە یانەکەی.

کارل هاینز ڕۆمەنیگەی سەرۆکی جێبەجێکاری یانەی بایرن لە پەیجی فەرمی یانەکە نوسیویەتی: باستیان هەموو شتێکی بردەوە، ئەو کەسێکی نمونەییە و هەموو کاتێک دەرگای یانەکەمان بۆ ئەو والآیە، بەر لەمەش باستیان لە تویتەر کاتێک وازهێنانی خۆی ڕاگەیاند بڵاوی کردەوە کە ئێستا کاتی ئەوەیە سوپاسی هەمووان بکەم، هەروەها سوپاسی ئەو یانانە دەکەم کە یاریم بۆ کردوون لەوانە بایرن میونشن و مانچستەر یونایتد و شیکاگۆ و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، هەروەها سوپاسیکی بێ پایانم بۆ ئانا ئیڤانۆڤیچ و خێزانەکەم کە بەردەوام پشتیوانم بووینە

# ڤان دایک

## رازی نییە ناوی باوکی لەسەر دڕێسەکەی بنوسرێت

ژیانی تایبەتی ڤێرگل ڤان دایکی باشترین یاریزانی ئەوروپا و باشترین بەرگریکار لە جیهان، ژیانێکی ئاسایی نەبووە، کاتێک باوکی لەگەڵ دایکی لەیەکتری جیادەبنەوە، ڤان دایک و 3کوڕی دیکەی و ژنەکەی بەجێدەهێڵێت و لەژیانێکی دژواردا جێیان دەهێڵن، بەڵام ڤێرگل کۆڵ نادات و ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات و ڕوو لە تۆپی پێ دەکات و هەر زوو ئەستێرەی ئەو یاریزانە دەدرەوشێتەوە.

ئەو ژیانە سەختە هێزێک دەبەخشێتە ڤێرگل و سەرەتا لە یانەی گرۆنینگن و دواتر بۆ یانەی سیلتیک و لەوێشەوە ساوسهامپتۆن و تا سالّی ڕابردوو ڕوودەکاتە بانەی لیڤەرپوول، لەگەڵ لیڤەرپوولیش نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و جامی سوپەری ئەوروپی بەدەست بهێنێت.

بگەڕێینەوە سەر ژیانی تایبەتی، دەبینین ڤێرگل ئەوە ڕەتدەکاتەوە ناوی باوکی لەسەر دڕێسەکەی بنوسرێت، خاڵی ئەو یاریزانە بە ڕۆژنامەکانی بەریتانیای ڕاگەیاندووە کە باوکی لەساتە دژوارەکانی ژیانی و هەروەها لەماوەی دەرەوشانەوەی ئەستێرەکەی یاوەر و پشتیوانی نەبووە بۆیە ڤێرگل ڕازی نەبووە ناوی باوکی لەدڕێسەکەی بنوسرێت، چونکە باوکی پیاوێکی خراپ بووە و کاتێک ئەوانی جیهێشتووە، ژنێکی دیکەی هیناوە و ئەو ژنەشی ڕازی نەبووە کە چاوی بەمنالەکانی بکەوێت.

ئەو خاڵەی زیاتر دەڵێت: ئەگەرچی باوکی ژیانی ئەوانی وێرانکرد، بەڵام ڤێرگلی کاپتنی هەڵبژاردەی هۆڵەندا ئێستاش ئامادەیە لە باوکی ببورێت، ئەوە بوو باوکی لەپێناو پارەدا گەڕایەوە لای ڤێرگل.

# ئیبراهیم قادر بووە ڕاهێنەری تۆپی دەستی کچانی هەولێر

**ئا: سەرهەنگ نەجمەدین**

هەفتەی ڕابردوو کچانی تۆپی دەستی یانەی هەولێر لەپاڵەوانیەتی تۆپی دەستی یانەکانی عەرەبی کەلەولاتی ئەردەن بەرێوەچوو، تیپی یانەی هەولێر لەپاڵەوانیەتیەکەدا لەخراپترین ئاستدا پاڵەوانیەتیەکەی بەرێکرد، دوای ئەوەی لەسەرجەم یاریەکان تووشی شکستێکی گەورە هات و لەهەموو یاریەکاندا زۆرترین گۆڵیان لێ تۆمار کرا، لەبەرانبەر ئەم ئەنجامە خراپەی کەلەپاڵەوانیەتیەکەدا بەئەنجامێکی ناشایستە دەرچوون، ڕاهێنەری تیپی کچانی تۆپی دەستی یانەی هەولێر عامر مەهدی دەستەکارکێشانەوەی خۆی لەیانەکە ڕاگەیاند و وازی لەپۆستەکەی خۆی هێنا، سەرپەرشتیار و بەرێوەبەری تیپی کچانی هەولێر ڕێگریان لەداواکەی ڕاهینەری ناوبراو کرد و داوایان لێکرد لەپریارەکەی خۆی پاشکەزبێتەوە لەڕاهێنەرایەتی یانەکە بەردەوام بێت، بەڵام ڕاهێنەری ناوبراو لەسەر داواکەی خۆی سوور بوو بەفەرمی لەپۆستی ڕاهێنەرایەتی تیپی تۆپی دەستی یانەی هەولێر دەستەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند.



دوای دەستەکارکێشانەی ڕاهێنەر عامر مەهدی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر لەشوێنی ئەو ڕاهێنەر (ئیبراهیم قادر)ی دەستنیشانکرد، ئێستا بەفەرمی ئیبراهیم قادر یاریزانی پێشووی تۆپی دەستی یانەی وەرزشی هەولێر ئەرکی ڕاهێنەری تیپی تۆپی دەستی کچانی یانەی هەولێری گرتە ئاستۆی خۆی و لەگەڵ ئەو تیپە بەردەوام دەبێت وەک ڕاهێنەر.



# ڕۆنالدۆ چۆن باسی یاریيەکەی ئینتەری کرد؟

کریستیانۆ ڕۆنالدۆی پورتوگالی خۆشخاڵی خۆی بە بردنەوە گرنەکەیان بەسەر یانەی ئینتەر میلان نیشاندا و ڕایگەیاند کە یاریيەکی بەهێز بوو، هەردوولا بۆ 3 خاڵی یاریيەکە دەجەنگان، هەستیکی مەزنە کە دووبارە گەڕاینەوە پێشەنگی خولی ئیتاڵی.

جێی باسە ڕۆنالدۆ ڕۆڵی هەبوو لەتۆمارکردنی گۆڵی دووەمی یانەکەی کاتێک گۆنزالۆ هیگواین تۆماری کرد و لە گێمی یەکەمیش گۆڵێکی تۆمارکرد بەڵام بەهۆی ئۆفسایدەوە گۆڵەکە ڕەتکرایەوە.




بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com


KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 10. Oct. 2019 No: (5846)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

## ئافرەت نیوەی کلیپە لە ڕووی جوانکاری و سیناریۆوە

### بەهۆی جوانی کارەکەی پێشوازییەکی گەرمی لێکرا
# هونەرمەند بورهان محەمەد گۆرانی مەیلی بڵاوکردەوە



**بەرهەم شێخ عزەدین**

هونەرمەند بوورهان محەمە بەخەباتی گوت: نوێترین کارم گۆرانییەکە بەناوی (مەیل) لەهۆنراوەی حەسەن هەڵەبجەییە ئاوازەکەی تەسەوفە،لەئامادەو دابەش کردنی هونەرمەند نزار زێوێیبە ، کۆمەڵێک ژەنیاری بەتوانا کاریان تیاکردووە ، ئەم گۆرانییە لەستۆدێوێی گروپی لورِ تۆمارکراوە،لەهەورمان وینەی گیراوە دەرهێنەرەکەی کاک دیار بوو کەنالّی نێت تیڤی سپۆنسەری بڵاوکردنەوەیان کرد ، لەکۆتایدا هونەرمەند بوورهان محەمد بۆئەوکە سوڵایەنانەی هاوکارمان بوون لەکلیپ کردنی ئەم گۆرانییە بەو شێوە جوانە ، وەسوپاس بۆگوێگرانی گۆرانی ڕەسەنی کوردی کەئەو پێشوازییە گەرمەیان لێ کرد.

### پارێزگاری لەو هونەرە پاکە پێویستی بە خەڵکی شیاو و پسپۆڕ هەیە
# هونەرمەند محەمەد عەزیز: بەرپرسیاری یەکەم وەزارەتی ڕۆشنبیرییە لەو بێسەروبەرییەی ئێستای هونەری کوردی



**خەبات: دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین**

هونەرمەند محەمەد عەزیز، یەکێکە لەو هونەرمەندە دڵسۆزو لەخۆبردووانەی سالانێکی زۆرە لە بواری هونەردا ئەسپی خۆی تاوداوەو لە سەرجەم بۆنە نیشتیمانییەکان بە هونەرەکەی بەشداری کاریگەری هەبووە، ئەو هونەرمەندە دەنگزۆلاڵە خاوەنی پێگەیەکی فراوانی جەماوەرییە، لەم دیمانەیەدا بۆچوونی خۆی دەربارەی هونەرەکەی خستە ڕوو:

**زۆر گلەیی دەکرێت لە تێکەڵکردنی هونەری بیانی بە هونەری کوردی و کاڵبوونەوەی ڕەسەنایەتی لە ناوهونەردا ئەمە تا چەند ڕاستەوکێ هۆکارە؟**

تێکەڵکردنی ئاوازی بیانی ئاساییە بە مەرجێ داهێنان و تازەگەری لە ناو بەرهەمەکەدا بکرێت.

**بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوویت؟ ئێستاش بەرهەمت کەمە؟**

ڕاستە بێدەنگ بووم، بەڵام لە ڕووی هاوکاری گەنجان لە تێکست و میلۆدیدا خزمەتم کردوون بێ جیاوازی.

**بڕچی گۆرانی وەکو جاران تام و لەزەتی نەماوەو ماوەیەکی زۆر نامێنێتەوە؟ ئایا مۆزیک هۆکارە یان هونەرمەندەکان؟**

چونکە مۆزیکی ئاوازو هۆنراوەکان زۆر سادەن و وەرگیراون بۆیە خەڵکیش ناتوانێ بە ئاسانی هەزمی بکات.

**بە کارهێنانی ئافرەت لە کلیپدا چۆن سەیر دەکەیت؟**

ئافرەت نیوەی کلیپە لە ڕووی جوانکاری و سیناریۆ، بەڵام بەو مەرجەی سووکایەتی پێنەکرێت لە ناو بەرهەمەکەدا.

**نەبوونی فلتەر لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری تا چەند زیانی بە هونەر گەیاندووە؟**

بەرپرسیاری یەکەم وەزارەتی ڕۆشنبیرییە لەو بێسەروبەرییەی ئێستای هونەری کوردی.

**تا چەند گلەییت لە کەنالەکانی ڕاگەیاندن هەیە لە بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە گۆرانییەک؟**

جێی داخە کە ڕاگەیاندن زۆر کاریگەری ڕاستەوخۆی نەگەتیڤیان هەیە چونکە بۆتە هاوڕێیەتی و خزم خزمانێ بۆیە حاڵی هونەر ئاوایە لە وڵاتی ئێمە.

**ئەو گۆرانیە چیبە؟ تاکو ئێستا نەتچڕیوەو دەتەوێت بیچڕێت؟**

گۆرانییەک کە باس لە خودی ئازارو ژانی مرۆڤایەتی لە هەموو ڕووێکدا.

**سەرقاڵی چ پرۆژەیەکی هونەریت؟**

سیدیەک کە خۆی لە 10 گۆرانی دەدات، بۆ ئەمساڵی 2019 لە کۆتایی سیدیەکەدام بەمزووانە بڵاویدەکەمەوە.

**تا چەند ڕەسەنایەتی هونەر پارێزراوە؟**

تا هونەرمەندانی کۆن مابن دەتوانین خەمخۆری بین و خزمەتی بکەین دوای ئێمەش نازانم بە کوێ دەگات؟

**چی بکرێت بۆ ئەوەی ڕەسەنایەتی هونەر لەناو نەچێت؟**

دڵسۆزی و پارێزگاری لەو هونەرە پاکە پێویستی بە خەڵکی شیاوو پسپۆڕ هەیە تا ئەزموون و هێزیان بخەنەگەڕ بۆ خزمەتکردن بە هونەری ڕاستەقینە.

# فیلمە نوێیەکەی جنێفەر لۆپێز قەدەغە کرا




**هەمزە سەرحان**

بەهۆی بوونی چەندین گرتەی نەشیاو تێیدا، نمایشکردنی نوێترین فیلمی جنێفەر لۆپێز بە ناوی (هاسڵەرز) لە وڵاتی مالیزیا قەدەغەکرا.بە گوێرەی میدیاکانی مالیزیا، بەرپرسانی ئەو وڵاتە بڕیاریانداوە ئەو فیلمەی جنێفەر لۆپێز کە باس لە ژیانی کچان دەکات و چەندین دیمەنی سێکسی و سەما و ماددەی هۆشبەری تێدایە، قەدەغە بکەن. بەرپرسانی وڵاتی مالیزیا ڕایانگەیاندووە، ئەو فیلمە بۆ سەیرکردن نەشیاوە و بڵاوکردنەوەشی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان قەدەغەیە و ڕێگەپێنەدراوە.

فیلمەکەی جنێفەر لۆپێز لە ئەمریکا و بەریتانیا فیلمێکی زۆر خۆشەویستە و بینەرێکی زۆری هەبوو، فیلمەکە باس لە کۆمەڵێک کچ دەکات کە پیاوان دەکەنە ئامانج و پارەکانیان بەهەدەر دەدەن.

# ئەو بوونەوەرە چەکی ئەتۆمیش نایکوژێ!



**ئا: فەرمان هیدایەت**

ئایە هیچتان لەبارە بیستووە،ئە گیانەوەرە کەناوە زانستییەکەی (تاردیگراید) یان ورچی دەریابۆیەکەمجارزانایوهان ئۆگس تی ئافرایم گۆزیە، لە ساڵی 1773 ناوزەدەی کردوچەندین جۆریان لێ دۆزیەوە؟

**ئەم گیانەوەرە بۆچی نامرێ؟**

چونکە بەرگەی 550 پلەی گەرمی و 445 پلەساردی دەگرێت، توانای بەرگەگرتنی بەهێزترین زریانی زەریاکانی هەیە،تاکە گیانەوەرە دەتوانێ لەدەرەوەی هەسارەی زەوی بژێت،سی ساڵ بێ خۆراک و ئاو دەژێت، لەناوناچێت گەرڕێژەی ئاوی لەشی ببێتە 1، توانای ئەوەیە هەیە هەزارانجار فەرمانەکانی لەشی کەمەوە بکات بەهەزاران ساڵ دەژێ لە قۆڵای زەریاکان لەلووتکەی شاخەکان لەجەمسەری باشوورو باکووری گوێ زەوی هەیە، تەنانەت ناومانّەکەشت هەروەها دەتوانی لەبەرزترین پلەی گەرمادا بیکۆڵێنی هەرنامرێ، تاکە گیانەوەرە گەرچەکی ئەتۆمی جیهان وێرانکات بمێنێ. هەروەها هەشت پێ هەیە ،ڕێنۆکدارە وهێلکەدەکات وسەوزەکان دەخوات وچەندین جۆری هەیە دەمی وەک بۆری وایەگیانەوەری هاوێنەی (تیلیسکۆبیە) لەمرۆڤ وگشت گیانەوەرکان بەهێزترە

مرۆڤ لە 50 پلە سیلیزی زۆرتر بەرگە ناگرێت لەچەندپلەیەکی کەمی ژێر سفرەوە بەرگە دەگرێت. مرۆڤ چەند ڕۆژێکی کەم بەرگەی تینوێتی و برسێتی دەگرێت لەکاتێکدا، ئەم گیانەوەرەچەندین ساڵ ئاو وخۆراک نەخوات نامرێت، زانا پاتیستا لەزانکۆی ئۆکسفۆرد دەڵێ: مرۆڤ لەچاوئەم گیانەوەرانەوە زۆرلاوازە، لەبچوکترین گۆڕانکاری کەش وهەوای ژینگەی بۆی هەیە بمرێت، زانایان وزانست زۆر گیانەوەر ماوە بیدۆزنەوە، کە بەرگەی کارەساتی وادەگرن. هێزی مانەوەیان لەگەردوون بێ سنوورە.



## لە داهاتوودا واتسئاپ لەڕێگای پەنجەمۆرەوە بەکاردەهێنرێت

ئەپلیکەیشنی واتسئاپ، لە ئێستا هەوڵدەدات لە ڕێگای هەستەوەری پەنجەمۆرەوە بەکارهێنەران ئەو ئەپلیکەیشنە دابخەن و بیکەنەوە، ئەمەش هەنگاوێکی نوێیە تاکو ئەژمارەکانیان لە ڕووی ئەمنییەوە پارێزراو بن.وێبسایتی WABetaInfoتەکنەلۆجی ئاشکرایکرد، ئەو تایبەتمەندییە لە ئێستادا لە تاقیکردنەوەدایە و ڕەنگە چەند مانگێکی پێبچێت تا دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.هەروەها ئەوەشی خستەڕوو لە کاتی کاراکردنی ئەو تایبەتمەندییە، جگە لەوەی باسکرا بەکارهێنەر دەتوانێت چات و پەیوەندی کردنی ناو ئەو ئەپلیکەیشنەکەش بە پەنجەی دابخات و بیکاتەوە. لەکاتی شکانی شاشەی مۆبایلەکە، دەتواندرێت لەڕێگاری ژمارەیەکی تایبەتەوە کە بەکارهێنەر خۆی هەڵدەبژێرێت، دەتوانێت لەجیاتی پەنجە مۆرەکە بەکاربهێنێت.